گۆڤارا ئەكادیمی یا زانكویا نەوروز (المجلة الأكاديمية لجامعة نوروز)، پ.١١ ژ.٤، ٢٠٢٢
حقوق الطبع والنشر ©2017. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الابداعي النسبي – CC BY-NC-ND 4. 0.،
e-ISSN: 2520-789X
https://doi.org/10.25007/ajnu.v11n4a1617

# کاریگەریی تۆڕی کۆمەڵایەتیی تیک تۆک "Tik Tok" لەسەر قوتابیانی زانکۆی سەڵاحەددین- هەولێر/ توێژینەوەیەکی مەیدانییە

د. ئازاد عبدالعزیز محمد، بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب- زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر- هەرێمی کوردستانی عێراق

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دیاریکردنی گرنگترین ئەو کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییانەی ڕەنگدانەوەیان هەیە لەسەر ڕەفتاری قوتابیانی زانکۆ، ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی وەسفییە و میتۆدی ڕووپێوی بەکارهێناوە، ئامرازی سەرەکی کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکانیش بریتییە لە فۆرمی ڕاپرسی، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە وەك لە ناونیشانی توێژینەوەکەش ئاماژەی بۆ کراوە لە قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر پێکدیت، نموونەی توێژینەوەش کە بە شێوەیەکی مەبەستدار وەرگیراوە پێکهاتوون لە قوتابیانی هەر یەك لە کۆلێژی ئاداب و زانست لە زانکۆی ناوبراو.

گرنگترین ئەنجامەکانیش وەها دەرکەوتووە، کە: ئەم تۆڕە کاریگەریی ئەرێنی و نەرێنی لەسەر بەکارهێنەرانی هەیە و زۆربەشیان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، ئەو کاتانەی تیك تۆك بەکارناهێنن دەروونیان ئاسوودەتر و خەویان خۆشترە، هەروەها ئەوەش دەرکەوتوو، کە ڕێژەیەکی زۆر لە بەکارهێنەرانی ئەم تۆڕە خۆشیان بەرهەم هێنەری بابەتی جۆراو جۆرن بۆ ئەم تۆڕە، ئەنجامێکی دیکەش ئەوەیە هەموو تاکێکی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی دەرفەتی خۆیان ڕۆژانە ئەگەر نیو کاتژمێریش بێ خەریکی بەکارهێنانی ئەم تۆڕە دەبن، ئەگەر دەرفەتیشان زیاتر بوو، ئەوا تا سێ کاتژمێر و زیاترش لەوە کاتی خۆیان دەدەنە بەکارهێنانی ئەم تۆڕە.

**کلیلە وشەکان: کاریگەریی، تیك تۆك، تۆڕی کۆمەڵایەتی، بەکارهێنەر و بەرهەمهێن**

## 1. پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی "کاریگەریی تۆڕی کۆمەڵایەتیی تیک تۆک "Tik Tok" لەسەر قوتابیانی زانکۆی سەڵاحەددین- هەولێر/ توێژینەوەیەکی مەیدانییە" توێژەر دیاریکردووە بۆ ئەوەی توێژینەوەیەکی زانستی لەم بوارەدا ئەنجام بدات و تیشک بخاتە سەر کاریگەری تۆڕی کۆمەڵایەتی تیك تۆك لسەر قوتابیانی زانکۆ، چونکە تۆری تیك تۆك توانیەتی هەنگاو بەرەو پیشەوە بهاوێژی و پانتایەکی باش لە نێو سوشیاڵ میدیا بۆ خۆی بگریت و کاریگەریی لەسەر قوتابیان دروست بکات.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە دەستنیشانکردنی ڕادە و ئاستی ئەو کاریگەرییانەی کە بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی تیك تۆك لەسەر هزرو ڕەفتاری قوتابیان دروستیکردووە. گرنگییەکی دیکەی ئەم توێژینەوەیە خزمەتکردنە بە بواری میدیای کوردی، بەتایبەت کە تاوەکو ئێستا توێژینەوەی

زانستی لەسەر ئەم تۆڕە نەنووسراوە.

ئەم توێژینەوەیە، بەتوێژینەوەیەکی وەسفی هەژمار دەکرێت، کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە قوتابیانی زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر. نموونەی توێژینەوەکەش، کە لە ڕێگەی نموونەیەکی مەبەستدارەوە وەرگیراون بریتین لە قوتابیانی هەردوو کۆلێژی ئاداب و زانست، نموونەی توێژینەوەکە (183) قوتابیانی زانکۆن.

ئەم توێژینەوەیە بەسەر سێ بەشی سەرەکیدا دابەش کراوە: یەکەم: ڕەهەند و ڕێکارەکانی توێژینەوە، بەشی دوەهەم: بەشی دووەم: لایەنی تیۆریی توێژینەوە، بەشی سێیەم: لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە.

## یەکەم: ڕەهەند و ڕێکارەکانی توێژینەوە

### 1 -کێشەی توێژینەوەکە:

بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژیا و دەرکەوتنی چەندین ئامرازی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی لە هەناوی ئەم تەکنەلۆژیایە، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگادا دروستکردووە، لە ژێر ڕۆشنای ئەمەشدا، ئامرازەکانی میدیا سوودێکی زۆریان لەم تۆڕە کۆمەڵایەتییانە وەرگرتووە لە گەیاندنی پەیامی خۆیاندا، یەکێك لەو تۆڕانەش "تیك تۆك"ە، کە ئەمڕۆ پانتاییەکی گەورەی لە سەرجەم بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگا و میدیا داگیرکردووە.
کێشەی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەو پرسیارانە دەبینێتەوە:

1- قوتابیانی زانکۆ بۆ چ مەبەستێك تیك تۆك بەکاردەهێنن؟
2- ئاستی بەکارهێنان و وەشاندنی ڤیدیۆی تیك تۆك لای قوتابیانی زانکۆ چەندە؟
3- گرنگترین پاڵنەرەکانی بەکارهێنان و بەشداریکردن لە دروستکردنی ناوەڕۆکی تیك تۆك لای قوتابیانی زانکۆ کامانەن؟.
4- بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی تیك تۆك چ کاریگەرییەکی هەبووە لەسەر ڕەفتاری قوتابیانی زانکۆ؟
4- پەیوەندیی نێوان ڕادەی بەکارهێنانی قوتابیانی زانکۆ بۆ تیك تۆك و ئەو کاریگەرییانەی دروستی دەکات لەسەریان چین؟.
5- ئەو کاریگەرییانەی تیك تۆك دروستی دەکات لەسەر ژیانی تایبەتی قوتابیانی زانکۆ چین؟.
6- گرنگترین ئەو کاریگەرییانەی تیك تۆك لەسەر ئاستی خوێندنی قوتابیانی زانکۆ دروست دەکات چین؟.

### 2- گرنگی توێژینەوەکە:

نووسینی هەر توێژینەوەیەکی زانستی بێ دیاریکردنی گرنگییەکەی، ڕەنگە ئامانجی زانستی خۆی نەپێکێت، بۆیە گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەدا گەڵاڵە دەبێ:

1- دەستنیشانکردنی ڕادە و ئاستی ئەو کاریگەرییانەی کە بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی تیك تۆك لەسەر هزرو ڕەفتاری قوتابیان دروستیکردووە.

2- هەوڵێکە بۆ ئەوەی بزاندرێ تا چەند تۆڕی کۆمەڵایەتی تیك تۆك وەك ئامرازێکی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە لایەن گەنجانی زانکۆوە بۆ بەدیهێنانی پێداویستییەکانیان بەکاریدەهێندرێ.

3- گرنگییەکی دیکەی ئەم توێژینەوەیە خزمەتکردنە بە بواری میدیای کوردی، بەتایبەت کە تاوەکو ئێستا توێژینەوەی زانستی لەسەر ئەم تۆڕە نەنووسراوە.

**3 -ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بۆ بە دەستهێنانی ئەم ئامانجانەی خوارەوە:

1- دیاریکردنی ئاستی بەکارهێنان و وەشاندنی ڤیدیۆی تیك تۆك لای قوتابیانی زانکۆ.

2- دیاریکردنی گرنگترین پاڵنەرەکانی بەکارهێنان و بەشداریکردن لە دروستکردنی ناوەڕۆکی پەیامەکانی تیك تۆك و پەیوەندی بە ڕەفتاری قوتابیانی زانکۆوە.

3 دیاریکردنی پەیوەندیی نێوان ڕادەی بەکارهێنانی قوتابیانی زانکۆ بۆ تیك تۆك و ئەو کاریگەرییانەی دروستی دەکات لەسەریان.

4- دەستنیشانکردنی ئەو کاریگەرییانەی تیك تۆك دروستی دەکات لەسەر ژیانی تایبەتی قوتابیانی زانکۆ.

5- دیاریکردنی گرنگترین ئەو کاریگەرییانەی تیك تۆك لەسەر خوێندنی قوتابیانی زانکۆ دروست دەکات.

**4- میتۆدی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە، بەتوێژینەوەیەکی وەسفی هەژمار دەکرێت، کە تیایدا میتۆدی ڕووپێوی بەکارهاتووە، ئەم میتۆدە گونجاوە بۆ ئەم جۆرە توێژینەوانە، کە هاوکارە بۆ دیاریکردنی ئاست و جۆری ئەو کاریگەرییەی تۆڕی کۆمەڵایەتی تیك تۆك، لەسەر قوتابیانی زانکۆ دروست دەکات.

**5- کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوەکە:**

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر. نموونەی توێژینەوەکەش، کە لە ڕێگەی نموونەیەکی مەبەستدارەوە وەرگیراون بریتین لە قوتابیانی هەردوو کۆلێژی ئاداب و زانست، نموونەکەش لەبەر ئەوە مەبەستدارە، لە ڕێگەی فورمی ڕاپرسییەوە بەسەر(183) قوتابی دابەشکراون، چونکە ئامانجەکانی توێژینەوەکە وادەخوازێت کە تەنیا کۆی ئەو قوتابیانە وەربگیرێت کە تۆڕی کۆمەڵایەتی تیك تۆك بەکاردەهێنن، یان پشکداری دەکەن لە دروستکردنی ناوەڕۆکەکەی.

**6- بوارەکانی توێژینەوەکە:**

1 -بواری مرۆیی: توێژەر لە ڕێگەی فۆڕمی ڕاپرسی بە شێوەی ئەلیکترۆنی و کاغەز ئاڕاستەی لێتوێژراوانی کردووە، کە لە قوتابیانی کۆلێژی ئاداب و کۆلێژی زانست- زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر پێکهاتوون.

2 -بواری کات: 2022/4/1 تا 2022/5/1 دەگرێتەوە.

3 -بواری شوێن: زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، کۆلێژی ئاداب و کۆلێژی زانست لە خۆی دەگرێت.

**7- ئامرازەکانی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا، بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری، فۆڕمی ڕاپرسی بەکارهاتووە، کە لە (23) پرسار لەخۆدەگرێت، ئەوانیش (7) پرسیار گشتی، و (16) پرسیاری تایبەتین کە بە سەر (183) قوتابی بەشێوازی کاغەزی و ئۆنلاین دابەشکراون.

**8- پێوەری ڕاستی ڕواڵەتی:**

بە مەبەستی دڵنیابوونەوە لەڕاستێتی ڕواڵەتی فۆڕمی ڕاپرسیی توێژینەوەکە، لەلایەن ژمارەیەك پسپۆڕی ئەكادیمی* هەڵسەنگێنراوە، دوای وەرگرتنەوەیان و تاوتوێکردنی سەرنجەکانیان، چەندین گۆڕانکاری تێدا ئەنجامدراوە، هەروەها لە ڕێگەی هاوکێشەی "هۆڵستی"یەوە، ڕادەی ڕاستییەکە دەرهێنراوە، کە بریتییە لە (91.3%)، ئەمەش لە ڕووی زانستییەوە بە ڕێژەیەکی پەسەندکراو لە قەڵەم دەدرێت.

**9- ڕادەی جێگیریی:**

لەبارەی ڕادەی جێگیریی فۆڕمی ڕاپرسی، بە بەکارهێنانی پێوەری "ئەلفا-کرۆنباخ" دەردەکەوێت کە سەرجەم پرسیارەکانی توێژینەوەی مەیدانی، بەهاکەی (0,809)یە؛ ئەمەش ئاستێکی بەرزی جێگیری فۆڕمی ڕاپرسییەکەیە.

**دووەم: چەمکەکانی توێژینەوەکە، و توێژینەوەکانی پێشوو:**

**2-1 -چەمکەکانی توێژینەوە:**

**1 -کاریگەری:**

فەرهەنگی کامبریج بەم جۆرە باس لە چەمکی کاریگەریی دەکات و دەڵێت: "کاریگەریی ئەو هێزەیە کە لە ڕێگەیەوە هەوڵدەدرێت گۆڕانێك لە هەڵسوکەوت و شێوازی بیرکردنەوەی کەسێك بکرێت" (شێخانی، 2020، صفحة ل108).

لە فەرهەنگی"The Penguin Dictionary of Psychology"دا بەم شێوەیە پێناسەی کاریگەریی کراوە: "هەر کارێک بەدوای ڕووداوێکدا بێ، ڕووداوی یەکەم دەبێتە هۆکاری کارەکەی پێش خۆی، ئەمەش واتە: کاریگەریی شتێک بەسەر شتێکی ترەوە" (REBER, REBER, ALLEN, 2009, p. p212).

**2 - پێگەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی:**

پێگەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی بریتییە لە: "کۆمەڵێك ئەپلیکەیشنی جۆراوجۆر، بەکارهێنەر لە ڕێگەی هەبوونی ئامێرە زیرەکەکان و هێڵی ئینتەرنێت دەتوانێت پێیان بگات، بەمەش کارلێك لە نێوان بەکارهێنەران و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دروست دەبێت، بەکارهێنەر دەتوانێت وێنە، ڤیدیۆ، تێکست و کۆمێنتی تایبەت بە خۆی لە ڕێگەی ئەم تۆڕانە بڵاو بکاتەوە" (السوداني، المنصور، 2016، صفحة ص25).

هەرچی"بالاسیشە (Balas)بەم شێوەیە پێناسەی پێگەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی دەکات " ئەو بەرنامەیە کە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بەکاردێت بۆ بونیاتنانی کۆمەڵگا، لە ڕێگای ئەم بەرنامەیەوە تاکەکان دەتوانن بە مەبەستی جیاواز پەیوەندیی بە یەکترەوە بکەن" (نومار، 2012، صفحة ص44).

**4 -قوتابی زانکۆ:**

قوتابیانی زانکۆ "توێژێکی گەنجن، کە هێشتا لە دەرەوەی بازنەی کاردان ولە دۆخی پێگەیاندنی کولتووری زانکۆییدان، ئاڕاستەیەکی بنچینەیی دەکرێن، تا ببنە چینێکی ڕۆشنبیر لە داهاتوودا" (عبدالصمد 2020، ل49).

هەرچی "حسن شحاتة"، شە بەم شێوەیە پێناسەی قوتابی زانکۆ دەکات و دەڵێت: "یەکێکە لە پێکهاتە کارگێڕییەکانی ژینگەی فێرکردن و فێربوونە، گرنگترین پێکهاتەی زانستی و پەروەردەکرنە، بە بێ قوتابی هیچ لە فێربوون و پێشوەچوون بوونی نییە" (شحاتة 2001، ص24).

لە تێڕوانینی ئەم توێژینەوەیەدا، قوتابیانی زانکۆ بریتییە لە قوتابیانی زانکۆی سەلاحەددین، کە لە هەردوو کۆلێژی ئاداب و زانست پێکهاتوون.

**5 -تیك تۆك:**

بەگوێرەی گوتەی دامەزرێنەری ئەپلیکەیشنی تیك تۆك، کە واتای دەستەواژەی تیك تۆکی ڕوون کردووەتەوە دەڵێت: "بەگشتی تیك تۆك چەند واتایەکی جیاواز

دەگرێتەوە، کە سەرەکیترینیان بریتییە لە: خۆشی بەخشەر، کورتە ڤیدیۆ و ڤیدیۆی ناوازە و لاساییکردنەوە" (عەبدولڕەحمان 2018).

هەروەها واش پێناسەکراوە" یەکێکە لە ئەپلیکەیشنەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، سەکۆی ئاڵوگۆڕی گرتەی ڤیدیۆی زۆر کورتە و ڕێگە بە بەکارهێنەران دەدات ڤیدیۆی تایبەت بەخۆیان دروست بکەن، کە لە ماوەکەی لە نێوان چەند چرکەیەکی دیاریکراو تا چەند خولەکێکی دیاریکراوە، دواتر بڵاوکردنەوەیان لەگەڵ بەکاربەرێکی فراوانی جەماوەری تیك تۆك (عبدالكريم 2021، ص354).

"یو شیاو" (Yu Xiao)یش سەبارەت بە تۆڕی کۆمەڵایەتی تیك تۆك دەڵێت: "ئەپلیکەیشنی تیك تۆك ئەپلیکەیشنێکی کۆمەڵایەتییە بۆ گرتەی ڤیدیۆیی کورت و هاوپێچکردنی بە میوزیك، لەڕێگەی تۆمارکردن و بڵاوکردنەوەیان لەنێوان زەمەنی 1-3خولەك دەبێت، گەنجان دەکاتە ئامانج، و ڕێگە بە بەکارهێنەران دەدات ڤیدیۆی تایبەت بەخۆیان و ئەو میوزیکەی دەیانەوێت هەڵبژێرن" (Yu 2019, p43).

**2-2- توێژینەوەکانی پێشوو:**

1- (عبدالكريم، 2021) لەو توێژینەوەیەدا کە بە ناونیشانی "أثر كثافة التعرض لبرامج التيك توك على بعض الخصائص النفسية والسلوكية لدى الأطفال من المجتمع المصري" ئەنجامیداوە، مەبەستی زانینی ڕادەی پەیوەست بوونی منداڵانە بە تەکنەلۆژیای نوێوە، هەروەها زانینی ماوەی پەیوەست بوون و بەردەوامبوونی منداڵانە بەم تەکنیکەوە چەندە، و ڕادەی چاودێریکردنی دایك و باوکان لە بەکارهێنانی ئەپڵیکەیشنی تیك تۆك چۆنە، هەروەها زانینی سروشتی ڕەفتاری منداڵان لە بەکارهێناتی تیك تۆکدا، هاوکات زانینی مەترسییەکانی ئەپڵیکەیشنەکەیە منداڵان، لەگەڵ چۆنیەتی پاراستنی منداڵ لە بەکارهێنانی ئەم ئەپڵیکەیشنە.

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی وەسفییە، بۆ تاوتوێکردنی لایەنە مەیدانییەکەشی میتۆدی ڕووپێوی بەکارهێناوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەش لە منداڵانی وڵاتی میسر پێکهاتووە، کە تەمەنیان لە نێوان 4تا 15 ساڵیدایە، بۆ ئەمەش فۆڕمی ڕاپرسی بەکارهێنراوە و بە سەر منداڵان دابەش کراوە، کە ژمارەیان (200) منداڵە. سەبارەت بە نموونەی ئەم توێژینەوەیە، نموونەیەکی مەبەستدارە، بۆ سەرخستنی توێژینەوەکەش تیۆری چاندنی ڕۆشنبیری بەکارهاتووە.

ئەم توێژینەوەیە بەم دەرەنجامانە گەیشتووە: منداڵان بە شێوەیەکی بەردەوام تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ بەکاردەهێنن بەرێژەی (66%،) زۆربەشیان 4 تاوەکو 6 کاتژمێر تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ بەرێژەی (59%)بەکاردەهێنن، هەروەها هەندێجار بەپێی کاتی بەردەست بوون ڕێژەکە دەگاتە (62%)، لەم توێژینەوەیەدا دەرکەوتووە، کە زۆربەی لێتویژراوان ڕازین تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێی منداڵەکان تەبەنی بکەن بە بەهای نوێ بەرامبەر دابونەریت و بەهای کۆمەڵایەتی بە ڕێژەی (68%).

2- (یونس، عبدالغفار، 2020) توێژینەوەکەی بە ناونیشانی "**سمات المحتوى الإعلامي لتطبيق "التيك توك" دراسة مقارنة بين المنصات العربية والأجنبية**" ئەنجام داوە، ئامانجی زانینی خەسڵەتەکانی ناوەڕۆکی میدیاییە لەسەر ئەپڵیکەیشنی تیك تۆك، ئەویش لە ڕێگەی نموونەیەك کە لە دوو پلاتفۆرمی (صدى البلد و واشنتۆن پۆست)پێکهاتووە، گوایە ئەم دوو پلاتفۆڕمە پڕ چالاکترین پلاتفۆڕمی هەواڵی عەرەبی و بیانین لە ئەپڵیکەیشنی تیك تۆك دادا، لێرەدا تەواوی ئەو ڤیدیۆیانەی لەم دوو پلاتفۆرمە لە ماوەی مانگی کانوونی دووەمی 2020 بڵاوبوونەتەوە شیکارکراون. ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی وەسفی و شیکارییە، بۆ ئەمەش پشتی بە شیکردنەوەی ناوەڕۆك بەستووە.

توێژینەوەکە بەم دەرئەنجامانە گەیشتووە: پلاتفۆڕمی واشنتۆن پۆست توانیویەتی بەسەر ناوەڕۆکی ڕیکلامی بازاڕگەری سەربکەوێت، بێ ئەوەی وەرگر هەست بکات، کە لەبەردەم ماددەیەکی ڕیکلامییە، بەپێچەوانەی پلاتفۆڕمی (صدى البلد). هەروەها توێژینەوەکە ئەوەشی دەرخستووە، کە ناوەڕۆکی پلاتفۆڕمی واشنتۆن پۆست هەمەڕەنگە لە نێوان بەکارهێنەراندا، وەك لە بەکارهێنانی تێکست و موزیك و ڤیدیۆکان، بەڵام ناوەڕۆکی پلاتفۆرمی یەك ڕەنگ و جێگری وەرگرتووە لە گشت ڤیدیۆکاندا.

3- (فتحي، 2021) لە توێژینەوەیەکیدا کە لەژێر ناوی "**تأثر تعرض الشباب لفيديوهات التيك توك عبر هواتفهم الذكية على إدراكهم للقيم الاجتماعية في المجتمع**" ئەنجامی داوە، مەبەستی توێژەر زانینی کاریگەری بەرکەوتنی گەنجانە بە ڤیدیۆی تیک تۆک لە ڕێگەی مۆبایلە زیرەکەکانیانەوە لەسەر هۆشیارییان سەبارەت بە بەها کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە. ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەکی وەسفییە، بۆ ئەمەش میتۆدی ڕووپێوی بەکارهێناوە، نموونەی توێژینەوەکەش، بریتی بوو لە (400) قوتابی لە قوتابیانی زانکۆکانی میسر، بە 200 کوڕ و 200 کچی هەریەك لە زانکۆکانی: (بنی سویف -النهضة- المنيا- دراية)، هەروەها توێژەر پشتی بە فۆڕمی ڕاپرسی بەستووە.

دیارترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتین لە: گرنگترین هۆکارەکانی بەرکەوتنی گەنجان بە ڤیدیۆکانی تیك تۆك ئەوانەی بە ڕێگای موبایلی زیرەك پەخش دەکرێن، ڕێزبەندی یەکەمیش لەو هۆکارانە بۆ(کاتبەسەربردن و لە بیر بردنەوەی خەم و ناخۆشی) دەگەڕێتەوە، لە دوای ئەمەش بۆ نمایشکردنی بابەتەکان، پاشان بڵاوکردنەوەی قاڵبە نوێیەکانی کۆمەڵگا، و دواتر ڕێگەدان بە هەمەچەشنی بیروڕا وبۆچوونەکان لە ڕێگەی بڵاوکردنەوە و نمایشکردنیان، و پاشان "گەیاندنی واقیعێکی ناتەواو، ئینجا ڕێگەدان بە بەشداری جەماوەر و بیروڕا و ئاشکراکردنی لادانەکانی ناو کۆمەڵگا و زانینی ڕووداوەکانی ئێستا. ئەو ئەنجامانەی ئاماژەیان پێکراوە گرنگترین ئەو بەهایانەن کە لەڕێگەی بەکارهێنانی تیك تۆکەوە بەرجەستەبوونە، لە ڕیزبەندیشیاندا بەهای ئەخلاقی و ئاینییەکانن، ئینجا بەها ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکان، و کۆتای بەهاش بەهای هاووڵاتی بوونە.

4 - (Chua, Rezaci, Gu, Jambulingam, 2020) لەو توێژینەوەیەدا بە ناونیشانی: Short Video Apps and Effects on Social Values for Youth: TikTok as An Exampleئەنجامیداوە بە ئامانجی بەدواداچوون و دیاریکردنی کاریگەریی تۆڕی کۆمەڵایەتی تیك تۆکە لە ڤیدیۆکاندا، لەسەر بەها کۆمەڵایەتییەکانی گەنجان، لە ژێر ڕۆشنایی تیۆری قبوولکردن و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا. ئەم توێژینەوەیە میتۆدی پارچەیی بۆ کۆکردنەوەی داتا بەکارهێناوە بۆ زانینی کاریگەری تیك تۆك لە تەلەفۆنە زیرەکەکان لەسەر بەها کۆمەڵایەتییەکانی گەنجان. ئەو سامپڵانەی بەشداریان لەو توێژینەوەیەدا کردووە ژمارەیان 384 قوتابی زانکۆییە لە 6 زانکۆی مالیزی (تەمەنیان لە نێوان19 تا 22 ساڵی)دایە، کە تیك تۆك، یان لە ناو مۆبایلە زیرەکەکانیان بەکاریانهێناوە.

لە بەکارهێنەرانی تیك تۆك لەسەر موبایلە زیرەکەکان، ئەم ئامرازانە بۆ کۆکردنەوەی داتا بەکارهێنراون: پرسیارنامەی زانیاری دیمۆگرافی و پرسیار لەبارەی پەیوەندی بەکارهێنانی تیك تۆك و بەها کۆمەڵایەتییەکانی گەنجان. ڕێژەی بەشداربووان لە بەکارهێنان و دروستکردنی ڤیدیۆکان لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تیك تۆکدا گەیشتووە (92%)، توێژینەوەکە ئەوەی دەستنیشانیکردووە، کە کاریگەرییەکی گەورە لە بەکارهێنانی ئەپڵیکەیشنی تیك تۆك لەسەر بەها کۆمەڵایەتییەکانی گەنجاندا هەیە. دیارترین دەرەنجامیش ئەوەیە، دەستنیشانکردنی ئەو کاریگەرییانە لە تیك تۆك دەکات کە لەسەر بەها کۆمەڵایەتییەکانی گەنجان هەیەتی، لەگەڵ دەستنیشانی ژمارەی کاتژمێرەکانی بەرکەوتن و بڵاوکردنەوەی تەکنەلۆژیای تەلەفۆنی زیرەك و هەمەڕەنگی ناوەرۆکی ڤیدیۆکان لە ڕێگەی ئەپڵیکەیشنەکەوە.

**سوودەکانی توێژینەوەکانی پێشوو:**

ئەو سوودانەی لە توێژینەوەکانی پێشوو گەڵاڵە بوون بەگشتی بریتین لە:

1- یارمەتیدان لە دیاریکردنی میتۆدی زانستی و بابەتی توێژینەوەکە، دیاریکردنی ئامرازەکانی کۆکردنەوەی داتاو زانیارییەکان.

2- تێڕوانینێکی ڕوونی لەمەڕ کێشەی توێژینەوەکەی پێداین، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی زانستی دیاری بکەین، لەگەڵ چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە.

3- توێژینەوەکانی پێشوو هاوکاربوون لە داڕشتنی پرسیارەکانی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی زانستی بۆ ئەوەی بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە بگەین.

**بەشی دووەم: لایەنی تیۆریی توێژینەوە**

**یەکەم: پێگەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی**

**1- دەرکەوتنی پێگەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی:**

دەرکەوتن و گەشەسەندنی پێگەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی بە چەند قۆناغێکی گرنگدا تێپەریون، لێرەدا ئاماژەیان پێ دەکەین:

**قۆناغی یەکەم:** ژمارەیەك پێگەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی لە نێوان ساڵانی نەوەدەکان دەرکەوتن، وەك پێگەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی "کلاس میتس" (Class Meets) کە لە ساڵی 1995 لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەلایەن قوتابییەکی زانکۆ بەناوی "ڕاندی کۆنرادس" هەوە دامەزرا، بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوانیان بە بەهێزی و بەردەوامی بمێنێتەوە (العريشي، الدوسري، 2015، صفحة ص24). دوای ئەمە تۆڕی کۆمەڵایەتی "سیکس دگریزس" (Six Degrees)، لە ساڵی 1997 لەلایەن "ئەندرۆ وایەنریتش" دامەزراوە، ئەم تۆڕانە زیاتر تەرکیزیان لەسەر پەیوەندی ڕاستەوخۆی نێوان کەسەکان دەکرد، زانیاری ئەو کەسانەیشی کە بەکاریاندەهێنا دیاری دەکردن، هەروەها خزمەتگوزاری ناردنی نامەی تایبەت لە نێوان گرووپ و هاوڕێیەکان (كافي، 2016، صفحة ص110).

**قۆناغی دووەم:** ئاماژە بە چەندین ئەپڵیکەیشن دەدات لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت، وەك "بلۆگەر، پێگەی بەشداربوون.... هتد"، لەم قۆناغەدا پێگەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتی زیاتر گرنگی بە پەیوەندی نێوان خەڵکیدا دەدەن، ئەم قۆناغە بە قۆناغی کامڵبوونی پێگەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتی هەژمار دەکرێت، دەتوانین بڵێین ئەمە سەرەتای دروستبوونی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك و چەندین تۆڕی کۆمەڵایەتی وەك مای سپیس و تویتەر...هتد بوو (اسماعيل، 2020، صفحة ص37).

**قۆناغی سێیەم:** لەم قۆناغەدا پێگەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتی، لە کۆتاییەکانی ساڵانی (2010-2017) وەرچەرخانێکی دیکەیان بە خۆیانەوە بینی، وەك دەرکەوتنی تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینستگرام، سناپ چات و لایکی. هەروەها دەرکەوتنی تۆڕی کۆمەڵایەتی "تیك تۆك" کە لە ساڵی 2016 دامەزرا، ئەم تۆڕە زیاتر گرنگی بە بڵاوکردنەوەی کورتە ڤیدیۆ دەدات، ئەمە وایکرد کە جەماوەرێکی زۆر لە سەرتاپای جیهان لە دەوروبەری خۆی کۆبکاتەوە، بە تایبەتی چینی گەنجان، هەرزەکاران و منداڵان.

**2- تایبەتمەندییەکانی پێگەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتی:**

پێگەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی چەندین تایبەتمەندیی هەن بریتین لە:

1- کارلێککردن، لەم کارلێکەدا تاك وەرگرە، خوێنەرە، هەروەها ئەو نێرەر و نووسەر و بەشدارە، ئەم کارلێکە لایەنی نەرێنی نەویستراو کە لە میدیای کۆندا هەبوو، ناهێڵێت وەك ئەوەی لە تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە کاغەزییەکاندا بەدیدەکرێت، بەڵکو پانتاییەك دەداتە بەشداری چالاکانەی بینەر و خوێنەر (الدليمي، 2015، صفحة ص101).

2- پێگەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی ڕێگایەکی ئاسانە بۆ ڕێکخستنەوەی زانیاری و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە درێژایی کات و بە شێوەیەکی خێرا (مصطفى، 2017، صفحة ل32).

3- هەمەچەشنەیی و فرەیی بەکارهێنراوەکان، قوتابی بۆ فێربوون بەکاریان دەهێنێ، هەروەها زاناش زانستی خۆی پێ بەهێز دەکات و خەڵکیش فێر دەکات، نووسەریش بەکاردەهێنێ بۆ دروستکردنی پەیوەندی خۆی لەگەڵ خوێنەری خۆی....هتد (الحمداني، 2014، صفحة ص141).

4- جیهانیبوون، پێگەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی تایبەتمەندی جیهانی هەیە و وابەستە نییە بە وڵاتێکەوە،، یان ناوچەیەکی دیاریکراوی جوگرافی، یان لۆکاڵی بوونی بابەت و زانیارییەکانی، یان بەکارهێنەرەکانی، بەڵکو ژینگەی پەیوەندی کردن بووەتە ژینگەیەکی جیهانی، و هەموو سنوورێکی کات و شوێن و سانسۆرەکانی تێپەراندووە (حەمەسەعید، 2019، صفحة ل69).

5- ئاسانی بەکارهێنان، پێگەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی، سەرەڕای سادەیی زمان و پیتەکان، وێنە و هێماگەلێکیش بەکاردێنێن، کە ئاسانکاری بۆ کارلێکی بەکارهێنەر دەکەن (بوعافية، ايدر، 2021) (اسماعيل، 2020، صفحة ص51)

6- دابینکردن و ئابووری: کەمکردنەوەی تێچوو لە کۆشش و کات و پارە، لە سایەی بەشداربوون و تۆمارکردن، هەمووان دەتوانن شوێنێکیان هەبێت لە تۆڕی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، نەک وەك ئەوەی قۆرخ بکرێت بۆ خاوەن پارە و (مایە)، یان بۆ کۆمەڵەیەکی دیاریکراو (الشاعر، 2015، صفحة ص 67).

**دووەم: تۆڕی کۆمەڵایەتی تیك تۆك:**

**1- دەرکەوتنی تۆڕی کۆمەڵایەتی تیك تۆك:**

تیك تۆك بەرهەمی کۆمپانیایەکی چینییە بە ناوی "بایت دانس"، ئەم کۆمپانیایە لە ساڵی 2012 دامەزراوە، چەندین بەرهەمی جۆراوجۆری خستۆتە نێو بازاڕ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، یەکێك لە بەرهەمەکانی ئەپی "تیك تۆك" بووە، لە ساڵی 2016 بەرهەم هێندرا، لە ساڵی 2017 کۆمپانیای "بایت" بۆ فراوانکردنی تیك تۆك بە بڕی یەك ملیار دۆلار تۆڕی کۆمەڵایەتی "میوزیکاڵ"ی کڕی، کە ناوەڕۆك و شێوەی بەکارهێنانی لە تیك تۆکەوە نزیك بوو، و لە ئەمریکا ناودار بوو. "بایت دانس میوزیکاڵی" خستە پاڵ تیك تۆکەوە، بەم شێوەیە هێندەی دی بەکارهێنانی زیادیکرد و لە گەشەکردنێکی خێرادا بەردەوام بوو. لە ساڵی 2018 تیك تۆك بووە یەکەم بەرنامەی داونلۆدکردن لە نێو بازاڕەکانی داگرتندا بۆ مۆبایلە زیرەکەکان.**Invalid source specified**.

لە یەکەم ساڵی بەکارهێنانی توانی ببێتە خاوەنی 100 ملیۆن بەکارهێنەر، لە دوای ئەمساڵەشدا توانرا لە 100 وڵات و بە 40 زمانی جیاواز بڵاوبکرێتەوە،خرایە بە جۆرێك لە ئێستادا 500 ملیۆن بەکارهێنەری هەیە (Jaffar, Riaz, Mushtaq, 2019, p. p188) و ڕۆژانە زیاتر لە 150 ملیۆن کەس چالاکی و گرتەی خۆیان تێیدا بڵاو دەکەنەوە (Zhou, Jong-Yoon, Shanshan, 2021, p. P41)

تۆڕی کۆمەڵایەتی تیك تۆك لە ماوەیەکی کەمدا ڕێژەیەکی یەکجار زۆر خەڵکی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە، کە ئەمەیش وای کردووە ئەپە بەناوبانگەکانی وەك فەیسبووك و سناپچات و ئینستاگرام تێپەڕێنێت. تەنانەت گۆگڵیش.

**2- تایبەتمەندییەکاتی تۆڕی کۆمەڵایەتی تیك تۆك:**

تۆڕی کۆمەڵایەتی تیك تۆك لە ئێستادا کۆمەڵێك تایبەتمەندی گرنگی هەیە، ئەوانیش بریتین لە:

1- تیك تۆك چەندین تایبەتمەندی جۆراوجۆری هەیە، فاکتەری دیاریشی بۆ سادەیی بەکارهێنانی دەگەڕێتەوە، ئەم ئەپڵیکەیشنە هەندێ بەهرە پیشان دەدات، ئەمەش سەرنجی بەکارهێنەرانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، بەتایبەتی توانای وێنەگرتن کە لە گەڵێك شوێن بەکارهێنەر دەتوانێ وێنە بگرێت وەك لە ماڵەوە، بێ ئەوەی لێهاتوویەکی زۆری پێویست بێ (جمعة، 2020، صفحة ص267).

2- هەروەها یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی تیك تۆك ئەوەیە پێش ڕیکۆردکردنی ڤیدیۆیەکە، ئەپڵیکەیشنەکە ئاگاداری بەکارهێنەر دەکاتەوە کە داخوازییەکەی دەستنیشان بکات، لە لیستی هەمەڕەنگدا، وەك: گەشتکردن، وەرزش، جوانکاری و ستایلی ژیانی...و هتد. بەم شێوەیە بەکارهێنەر بە پێی حەز و ئارەزوو خۆی جۆری ڤیدیۆیەکە دیاری دەکات، بەڵام ئەوانی ڕابردوو ئیجباری نین و بەکارهێنەر دەتوانێ خۆی لەو هەنگاوە دەرباز بکات (Anderson, 2020, p. p5).

3- کاردانەوەی بە پەلە و بەشداریکردنی ناوەڕۆک: گەیشتنی ڕاستەخۆ و خێرا بە ڤیدیۆکان بە ئاسانی لە نێو بەرنامەکاندا، بۆ تێپەڕبوون لە ڤیدیۆیەك بۆ یەکێکی دیکە بەکاربەر تەنها پێویستی بە لابردنی لاپەڕەکەیە بەرەو سەرەوە، بۆ بینینی لاپەڕەیەکی دیکەش بەکاربەر تەنها لاپەڕەکە بۆ لای چەپ ڕادەکێشێ، بەشداریکردنی ڤیدیۆ پێویستە بەشداریکردن هەڵبژێدرێت، هەروەها توانای دابەزاندنی (DOWNLOAD) ڤیدیۆکانیشی هەیە، تەنیا لەو حاڵەتە نەبێت، کە خاوەنەکەی ڕێگای بە دابەزاندنی ڤیدیویەکە نەدابێت (بدر، 2019).

4- ئەکاونتی تایبەت بە بەکارهێنەر، ڕێژەی ئەو کەسانەی بەدواداچوون (متابعە)ی بەکارهێنەر دەکەن Following، هەروەها ژمارەی ئەو کەسانەی بەدواداچوونی ئەو دەکەن Follows لە خۆدەگرێت. سەرباری ژمارەی لایکی تایبەت لەسەر هەموو ڤیدیۆیە تایبەتەکانی بە ڕێگەی Like، ئەپڵیکەیشنەکە ڕێگە بەوەش دەدات هەر چەند ژمارەی بەدواداچوون و لایکەکان زیدەتر بێت، دەرفەتی باوەڕپێکردنی لای ئەکاونتەکە زیاتردەبێت (جمعة، 2020، صفحة ص167).

5- دوای کردنەوەی ئەپڵیکەیشنەکە، زۆربەی کات ڕیکلامێك بەدیار دەکەوێت، لێرەدا بەکارهێنەر لە ڕێگەی "skip Ad" دەتوانی خۆی لی دەرباز بکات و بە ڕێگەی ئەپڵیکەیشنی "home" سەیری ڤیدیۆیەکە بکات.

6- تۆڕی کۆمەڵایەتی تیك تۆك ڕێژەی بەکارهێنەران لەسەر ڤیدیۆیەکە دیار دەکات، ئەو کەسانەی لایك یاخود کۆمێنتیان کردووە، هەروەها ژمارەی ئەو کەسانەی لە ڕابردوو دووبارە بڵاویانکردۆتەوە بەرێگەی تۆڕەکانی وەک، فیس بوك، وسناپ چات، ماسنجەر، یانیش بە پێی ئەو ئەپڵیکەیشنانەی کە لە ناو خودی ئامرازەکەی بەکارهێنەردا هەیە. ئەوەی شایانی گوتنە ئەکاونتی بەکارهێنەرێك تەنیا ڤیدیۆ بڵاوکراوەکانی تێدایە، نەك ئەوانەی شێری کردوونە لە بەکارهێنەرانی دیکە.

**بەشی سێیەم: لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە:**

لێرەدا لەڕێگەی ئەنجامە ئامارییە وەدەستکەوتووەکان، لایەنی دیمۆگرافی لێتوێژراوان و پاڵنەر و کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی تیك تۆك دەخەینەڕوو، لەگەڵ جۆری ناوەڕۆکی پەیامەکانی بەکاربەران و ڕێژەیان.

خشتەی (1) چۆنیەتی خستنەڕووی نموونەی توێژینەوەکە

| ژ | زانکۆی سەلاحەدین | دووبارە | % |
|---|---|---|---|
| 1 | کۆلێژی ئاداب | 96 | 52 |
| 2 | کۆلێژی زانست | 87 | 48 |
| | کۆی گشتی | 183 | 100 |

لە کۆلێژی ئاداب، (96) قوتابی وەرگیراوە بە ڕێژەی (52%)، لە کۆلێژی زانستیش (87) قوتابی بە ڕێژەی (48%). هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم دوو کۆلێژە لەلایەن توێژەرەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە توێژەر ویستوویەتی بزانێ کام لەم دوو کۆلێژانە زیاتر تۆڕی کۆمەڵایەتی تیك تۆك بەکاردەهێنن، وەك دەردەکەوێت کە زیاتر کۆلێژی ئاداب تۆڕی کۆمەڵایەتی تیك تۆك بەکاردەهێنن.

خشتەی (2)، تەمەنی نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات

| ژ | تەمەن | دووبارە | % |
|---|---|---|---|
| 1 | 18 | 1 | 0.5 |
| 2 | 19 | 15 | 8.2 |
| 3 | 20 | 44 | 24 |
| 4 | 21 | 41 | 22.4 |
| 5 | 22 | 42 | 23 |
| 6 | 23 | 14 | 7.7 |
| 7 | 24 | 5 | 2.7 |
| 8 | 25 | 7 | 3.8 |
| 9 | 26 | 6 | 3.3 |
| 10 | 27 | 6 | 3.3 |
| 11 | 28 | 2 | 1.1 |
| کۆی گشتی | | 183 | 100 |

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت زۆربەی نموونەی توێژینەوەکە تەمەنیان لە (20)ساڵیدایە و (40%) نموونەی توێژینەوەکە پێکدێنن، دوای ئەمە ڕێژەی ئەوانە دێت کە تەمەنیان (22) لە ساڵیدایە، بەرێژەی (23%)، لە پلەی دووەمدا دێن، هەروەها تەمەن (21) ساڵییەکانیش لە پلەی سێیەمدان بە ڕێژەی (22.4%)، کەمترین ڕێژەش کە وەك نموونەی توێژینەوە بەشدابوونە بە ڕێژەی سەدی (0.5) ە، کە تەمەنیان لە (18) ساڵیدایە. ئەوەی لێرەدا ڕوون بۆتەوە ناوەندی ژمێریاری نێوان تەمەنەکانی نموونەی توێژینەوە لە (21) ساڵیدایە.

خشتەی (3)، ڕەگەزی نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات

| ژ | ڕەگەز | دووبارە | % |
|---|---|---|---|
| 1 | نێر | 66 | 36 |
| 2 | مێ | 117 | 64 |
| کۆی گشتی | | 183 | 100 |

لەم خشتەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە زۆربەی نموونەی توێژینەوکە لە ڕەگەزی (مێ)ینەن و پلەی یەکەمیان وەرگرتووە، بە ڕێژەی لە(63.9%) و کۆی بەشداربوویان (117)قوتابییە. ئەوانەیش کە لە ڕەگەزی (نێر)ن بە پلەی دووەم هاتوون، ژمارەیان (66) قوتابییە، و ڕێژەی (36%)ی بەکارهێنەران پێکدێنن. ئامانج لە بەکارهێنان لەلایەن هەردوو ڕەگەزە وە بۆ دەستکەوتنی قازانجی ماددیە، بەڵام بە وردبوونەوە لە سایکۆلۆجی کۆمەڵایەتی کوردی وا دەردەکەوێت کە ڕەگەزی مێ لە دەرکەوتنەکانیان قازانجی ماددی زیاتر بکەن بەبەراورد لە ڕەگەزی نێر، ئەویش بەهاوکاری ئەوەی فۆلۆوەری ڕەگەزی مێ زیاتر لە ڕەگەزی نێرینە.

خشتەی (4)، بەشە زانستییەکانی نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات

| ژ | بەشی زانستی | دووبارە | % |
|---|---|---|---|
| 1 | ڕاگەیاندن | 31 | 16.9 |
| 2 | فەلسەفە | 11 | 6.0 |
| 3 | کاری کۆمەلایەتی | 7 | 3.8 |
| 4 | کۆمەڵناسی | 17 | 9.3 |
| 5 | مێژوو | 12 | 6.6 |
| 6 | جوگرافیا | 11 | 6.0 |
| 7 | دەروونزانی | 3 | 1.6 |
| 8 | بایلۆژی | 13 | 7.1 |
| 9 | جیۆلۆجی | 21 | 11.5 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 10 | ماتماتیك | 9 | 4.9 |
| 11 | کیمیا | 11 | 6.0 |
| 12 | ژینگە | 9 | 4.9 |
| 13 | کۆمپیوتەر | 16 | 8.7 |
| 14 | فیزیا | 8 | 4.4 |
| 15 | شوێنەوار | 4 | 2.2 |
| | کۆی گشتی | 183 | 100 |

لە خشتەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، کە زۆرترین ئەندامانی نموونەی توێژینەوە لە بەشی ڕاگەیاندنن، کە ژمارەیان (31) قوتابییە، بە ڕێژەی (16.9%)، دوای ئەم بەشە قوتابیانی بەشی جیۆلۆجی دێن کە ژمارەیان (21) کەسە بە ڕێژەی (11.5%)، لە بەشی کۆمەڵناسیش (17) قوتابی بەشدارە لە پلەی سێیەم بە ڕێژەی(9.3)، بەڵام بەشداربووانی بەشی دەروونزانی ژمارەیان (3) قوتابییە، بە ڕێژەی (1.6%) لە پلەی کۆتاییدا.

لێرەدا دەردەکەوێت کە قوتابیانی زانکۆ بەشدارییەکی کارایان هەیە لەبەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی تیک تۆك وەک ژێدەرێکی دیاری زانیاری و کاتبەسەربردن و بۆ مەبەستی دیکەی جیاواز، هەروەها ئەوەش دەردەکەوێت کە تۆڕی کۆمەڵایەتی تیک تۆك توانای دروستکردنی کاریگەری هەیە لەسەر قوتابیانی بەشداربوو بەهۆی ئەوەی بۆ ماوەیەکی درێژخایەن تۆڕی کۆمەڵایەتی تیك تۆك بەکاردەهێنن، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە قوتابیانی بەشی ڕاگەیاندن زیاتر بەریەککەوتنییان لەگەڵ ئەم تۆڕە هەیە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خودی تۆڕەکە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە میدیاوە هەیە، بە تایبەتی میدیا جیهانی و کوردییەکان، قوتابیانی بەکاربەر بۆ گەیاندنی پەیامەکانیان خاوەنی تیك تۆکن و لە ڕێگەیەوە پەیامەکانیان دەگەیننە بە بەکارهێنەران.

خشتەی (5)، قۆناغەکانی خوێندنی نموونەی توێژینەوەکە

| ژ | قۆناغی خوێندن | دووبارە | % |
|---|---|---|---|
| 1 | یەکەم | 35 | 19.1 |
| 2 | دووەم | 61 | 33.3 |
| 3 | سێیەم | 44 | 24 |
| 4 | چوارەم | 43 | 23.5 |
| | کۆی گشتی | 183 | 100 |

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت، قۆناغی دووەمی خوێندن بە ڕێژەی (33.3%) لە پلەی یەکەمدا دێن، قۆناغی سێیەمیش بە ڕێژەی (24%) لە پلەی دووەم، و قۆناغی چوارەمی خوێندنیش بەرێژەی (23.5%) لە پلەی سێیەم دان، قوتابیانی قۆناغی یەکەمیش لە دوا پلەدا، بە ڕێژەی( 19.1%) لە پلەی کۆتایی دان.

خشتەی (6)، شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە

| ژ | **شوێنی نیشتەجێبوون** | دووبارە | % |
|---|---|---|---|
| 1 | ناوەندی شار | 61 | 33.3 |
| 2 | ئیدارەی سەربەخۆ | 33 | 18 |
| 3 | قەزا | 21 | 11.5 |
| 4 | ناحیە | 41 | 22.4 |
| 5 | گوند | 27 | 14.8 |
| | کۆی گشتی | 183 | 100 |

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت، کە ڕێژەی (33.3%)ی نموونەی توێژینەوەکە نیشتەجێی ناوەندی شارن، هەروەها ڕێژەی (22.4%)یشیان دانیشتوی ناحیەکان، قوتابیانی دانیشتوانی ئیدارە سەربەخۆکانیش ڕێژەی (18%) نموونەی توێژینەوەکەن، هاوکات قوتابیانی نیشتەجێی گوندەکان ڕێژەی (14.8%) و قوتابیانی نیشتەجێی قەزاکانیش ڕێژەی (11.5%) لێتوێژراوان پێك دێنن.

لێرەدا ڕوون دەبێتەوە کە زۆرینەی نموونەی توێژینەوەکە نیشتەجێی ناوەندی شارن، بەهۆی ئەوەی لە ئێستادا بە زۆربەی ئیدارەی سەربەخۆکان و بەشێك لە قەزاکانی هەرێم زانکۆیان تێدا کراوەتەوە هەر بۆیە زۆرترین ڕێژە پێکدێنن.

خشتەی (7)، پیشەی باوکی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە

| ژ | **پیشەی باوك** | دووبارە | % |
|---|---|---|---|
| 1 | مامۆستا | 51 | 31.1 |
| 2 | فەرمانبەر | 26 | 14.2 |
| 3 | سەرباز | 13 | 7 |
| 4 | بازرگان | 5 | 2.7 |
| 5 | کاسبکار | 83 | 45 |
| | کۆی گشتی | 183 | 100 |

لە خشتەی (7) ڕوون دەبێتەوە، کە بەشی زۆری پیشەی باوکی سامپڵەکان (کاسبکار)ن، بە ڕێژەی (45%)، لە پلەی دووەمیشدا مامۆستایان بەرێژەی (31.1%) دێن، هاوکات (14.2%) سامپلی توێژینەوەکە پیشەیان (فەرمانبەر)ە، و ڕێژەی (7%) یشیان پیشەیان (سەرباز)ییە، کەمترین ڕێژەی پیشەی باوکی نموونەی توێژینەوەکەش (بازرگان)ن بە ێژەی (2.7%).

خشتەی (8)، پیشەی دایکی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە

| ژ | **پیشەی دایك** | دووبارە | % |
|---|---|---|---|
| 1 | مامۆستا | 24 | 13 |
| 2 | فەرمانبەر | 29 | 16 |
| 3 | سەرباز | 0 | 0 |
| 4 | بازرگان | 0 | 0 |
| 5 | ئافرەتی ماڵەوە | 130 | 71 |
| | کۆی گشتی | 183 | 100 |

لە خشتەی (8) دەردەکەوێت، کە زۆربەی پیشەی دایك سامپڵی توێژینەوەکە (ئافرەتی ماڵەوە)ن، بە ڕێژەی (71%) لە پلەی یەکەمدان، ئەوانەی دایکیشیان فەرمانبەرە ڕێژەی (16%)پشەی دایکی سامپڵەکان پێك دێنن، ڕێژەی (13%) لێتوێژراوانیش پیشەی دایکیان (مامۆستا)یە، هاوکات هەردوو پیشەی (سەربازی و بازرگان)ی ڕێژەیەکیان تۆمارنەکردووە.

خشتەی (9)، ڕادەی بەکارهێنان تۆڕی کۆمەڵایەتی تیك تۆك لەلای نموونەی توێژینەوەکە دیار دەکات

| ژ | ڕادەی بەکارهێنان | دووبارە | % |
|---|---|---|---|
| 1 | بەردەوام | 44 | 24 |
| 2 | هەندێك جار | 82 | 45 |
| 3 | بەدەگمەن | 57 | 31 |
| | کۆی گشتی | 183 | 100 |
| | لادانی پێوەری | 0.742 | |
| | ناوەندی ژمێرەیی | 2.00 | |

لە خشتەی (9) ئەوە دەردەکەوێت زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە تۆڕی کۆمەڵایەتی تیك تۆك بە شێوەیەکی سنووردار بەکاردێنن بە ڕێژەی (45%)، ئەوانەیش بەدەگمەن بەکاریدێنن ڕێژەیان(31%) ە. پلەی سێیەمیش ئەوانەن کە بە ڕێژەی (24%). ئەپی تیك تۆك بەکاردێنن... لێرەدا دەردەکەوێت کە تەواوی نموونەی توێژینەوەکە تۆڕی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنن، بەڵام هەر یەکێان بەرێژەیەك، وەك لە خشتەکەدا دەرکەوتووە. بۆیە بەلای

توێژەر ئەمە ڕێژەیەکی تارادەیەك باشە بۆ بیناکردنی دەرئەنجامەکان لەسەری، بەتایبەت لەو ماوە کورتەی بڵاوبوونەوەی تیك تۆکدا. هەروەها وەك دەرکەوتووە، لادانی پێوەریی ئەنجامەکان (0.742) و ناوەندی ژمێرەییش (2.00 ) بووە.

خشتەی (10)، ماوەی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی تیك تۆك لای نموونەی توێژینەوەکە دیار دەکات

| ژ | ماوەی بەکارهێنان بە کاتژمێر | دووبارە | % |
|---|---|---|---|
| 1 | کەمتر لە کاتژمێرێك | 118 | 64 |
| 2 | 1-3 کاتژمێر | 44 | 24 |
| 3 | 3 کاتژمێر زیاتر | 21 | 12 |
| کۆی گشتی | | 183 | 100 |
| **لادانی پێوەری** | | 3.00 | |
| **ناوەندی ژمێرەیی** | | 0.694 | |

خشتەی سەرەوە نیشانی دەدات نموونەی توێژینەوە، ئەوانەی (کەمتر لە کاتژمێرێك) ڕۆژانە تۆڕی کۆمەڵایەتی تیك تۆك بەکاردێنن ڕێژەیان (64%)ە، لە پلەی دووەمیشدا ئەوانە دێن کە زیاتر لە (1-3) کاتژمێر بەرێژەی (24%) لە پلەی سێیەمیشدا ئەوانە دێن کە ماوەی (3) کاتژمێر زیاتر بەکاریدە هێنن. ئەم ئەنجامە ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە زۆرینەی نموونەی توێژینەوەکە بە ڕێژەیەکی باش ڕۆژانە تۆڕی کۆمەڵایەتی تیك تۆك بەکاردێنن، هەروەها ئەوەش ڕوون بووتەوە کە لادانی پێوەریی (3.00) بووە و ناوەندی ژمێرەیی (.0.694 ).

خشتەی (11)، شوێنی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی تیك تۆکی لەلای نموونەی توێژینەوەکە

| ژ | شوێنی بەکارهێنانی تیك تۆك | دووبارە | % |
|---|---|---|---|
| 1 | ماڵەوە | 167 | 92 |
| 2 | کۆلێژ | 6 | 3 |
| 3 | کافتریا | 4 | 2 |
| 4 | شوێنی کار | 6 | 3 |
| کۆی گشتی | | 183 | 100 |
| لادانی پێوەری | | 4.00 | |
| ناوەندی ژمێرەیی | | 0.622 | |

بە پێی خشتەی (11) کە تایبەتە بەشوێنی بەکارهێنانی ئەپی تیك تۆك، نموونەی توێژینەوەکە بە پلەی یەکەم و بە ڕێژەی(92%) لەماڵەوە بەکاریدەهێنن، هەروەها لە هەر دوو کۆلێژ و شوێنی دیکەش بە ڕێژەی (3%) بەکاردەهێندرێت، لە نێو کافتریاشدا کەمتر بەکاردەهێندرێت، بەڕێژەی (2%)، هەروەها دەریشکەوتووە کە لادانی پێوەریی (3.00) بووە و ناوەندی ژمێرەییش (.0.694 ).

ئەوەی جێگەی ئاماژەیە کۆلێژ نەبۆتە شوێنێك کە قوتابیان بتوانن تێدا تۆڕی کۆمەڵایەتی تیك تۆك بەکاربهێنن. سەرەڕای ئەوەی زۆربەی قوتابیان موبایلی زیرەك و هێڵی ئینتەرنێتیان هەیە، بە بۆچوونی توێژەر ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە کۆلێژ شوێنێکی گونجاو نییە بۆ ئەوەی لەم ژینگەیە بتوانن ڤیدیۆ و بابەتەکانی خۆیان تێدا تۆمار بکەن، ئەمە لە لایەك، لەلایەکی دیکەوە ژینگەی ماڵەوە گونجاوترە لەبەر ئەوەی لەم ژینگەیە کات و دەرفەت زیاترە.

خشتەی (12)، ئەو ئامرازانەی لە ڕێگەیەوە توێژراوان تۆڕی کۆمەڵایەتی تیك تۆك بەکاردەهێنن

| ژ | ئامرازی بەکارهێنانی تیك تۆك | دووبارە | % |
|---|---|---|---|
| 1 | مۆبایل | 180 | 98.4 |
| 2 | تابلێت (ئایپاد) | 2 | 1.1 |
| 3 | لاپتۆپ | 0 | 0.0 |
| 4 | هی تر | 1 | 0.5 |
| کۆی گشتی | | 183 | 100 |
| لادانی پێوەری | | 3.96 | |
| ناوەندی ژمێرەیی | | 0.321 | |

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت نموونەی توێژینەوەکە، بە پلەی یەکەم و بەڕێژەی (98.4%) لە ڕێگەی مۆبایلەوە تۆڕی کۆمەڵایەتی تیك تۆك بەکاردەهێنن، ئامێری (تابلێت (ئایپاد)یش وەك ئامراز بە ڕێژەی(1.1%)بەکاریدەهێنن، هەروەها ئامرازی دیکەش بە ڕێژەی (0.5%) لەلایەن توێژراوانەوە بەکاردێت، لە پلەی سێیەمدایە، هاوکات ئامرازی لاپتۆپ وەك کەرەستەیەکی پەیوەندیکردن هیچ ڕێژەیەکی تۆمارنەکردووە. سەبارەت بە لادانی پێوەریش، بەپێی ئەنجامەکان، ئەم پێوەرە (3.96) بووە، ناوەندی ژمێرەیی (0.321).

لەبەر ڕۆشنایی ئەم ئەنجامانەی سەرەوە، نموونەی توێژینەوەکە سوودیان لە تەکنەلۆژیای نوێ وەرگرتووە بۆ بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی تیك تۆك، بەتایبەتی موبایلی زیرەك، کە پلەی یەکەمی هێناوە و زۆربەشیان خاوەنی ئەم کەرەستەیەن، ئەمەش بەهۆی ئاسانی لە بەکارهێنان و گواستنەوەی دەگەڕێتەوە.

خشتەی (13)، کاتەکانی بەکارهێنانی تیك تۆك لای نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە

| ژ | کاتی بەکارهێنانی تیك تۆك | دووبارە | % |
|---|---|---|---|
| 1 | بەیانیان | 5 | 3 |
| 2 | عەسران | 2 | 1 |
| 3 | نیوەڕۆیان | 7 | 4 |
| 4 | شەوان | 40 | 22 |
| 5 | کاتێکی دیاریکراوم نییە | 129 | 70 |
| کۆی گشتی | | 183 | 100 |
| لادانی پێوەری | | 3.96 | |
| ناوەندی ژمێرەیی | | 0.321 | |

ئەم خشتەیە دەریدەخات نموونەی توێژینەوەکە کاتێکی دیاریکراوییان نییە بۆ بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی تیك تۆك بە ڕێژەی(70%)، هەروەها ئەوانەی ئەپەکە لە شەودا بەکاردێنن لە پلەی دووەمن، بە ڕێژەی (22%)، لەهەمان کاتدا ڕێژەی (4%) قوتابیان تیك تۆك لە کاتی نیوەڕۆدا بەکاردەهێنن، هەروەها لەبەیانیاندا بە ڕێژەی (3%) و لە عەسردا بەڕێژەی (1%) بەرکەوتنیان لەگەڵ تۆڕی ناوبراو هەیە. سەرباری ئەمەش بەپێی ئەنجامەکان لادانی پێوەریی ڕێژەی (3.96)بووە و ناوەندی ژمێرەییش (0.321).

خشتەی (14)، ناوی بەکارهێندراو لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تیك تۆك لای نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە

| ژ | ئەو ناوەی بەکاردەهێنی لە تیك تۆك | دووبارە | % |
|---|---|---|---|
| 1 | ناوی ڕاستەقینەی خۆم | 111 | 61 |
| 2 | ناوێکی خوازراو | 63 | 34 |
| 3 | ناوی خەڵکی تر | 9 | 5 |

| | | |
|---|---|---|
| گۆی گشتی | 183 | 100 |

خشتەی (14) دەرخەری ئەو ناوانەیە كە توێژراوان لە ناساندنی كەسایەتی خۆیان لە تۆڕی كۆمەڵایەتی تیك تۆك بەكاریدەهێنن. بڕگەی (ناوی ڕاستەقینەی خۆم) بە پلەی یەكەم دێت، بە ڕێژەی (61%)، بڕگەی (ناوێكی خوازراو)یش لە پلەی دووەم، بە ڕێژەی (34%)

بەكارهاتووە، بڕگەی (ناوی خەڵكی تر) لە پلەی سێیەم، ڕێژەی (5%) تۆمار كردووە..
بەپێی ئەم ئەنجامەی سەرەوە دەردەكەوێت زۆرینەی نموونەی توێژینەوەی بەكارهێنانی تۆڕی كۆمەڵایەتی تیك تۆك بەناوی خۆیان تۆڕەكە بەكاردەهێنن، ئەمەش پەیوەندارە بە دەركەوتنیان و ناوبانگ دەركردن، هەروەها لەرووی ئابووریشەوە سوودی زۆری لێوەردەگرن.

خشتەی ژمارە (15)، دانانی وێنەی ڕاستەقینەی خۆیان لەلایەن نموونەی توێژینەوەكە ڕوون دەكاتەوە

| ژ | دانانی وێنەی ڕاستەقینە | دووبارە | % |
|---|---|---|---|
| 1 | بەردەوام | 141 | 77 |
| 2 | هەندێجار | 22 | 12 |
| 3 | كەم | 20 | 11 |
| | گۆی گشتی | 183 | 100 |
| | لادانی پێوەری | 1.35 | |
| | ناوەندی ژمێرەیی | 0.686 | |

ئەم خشتەیە دانانی وێنەی ڕاستەقینەی نموونەی توێژینەوەكە ڕوون دەكاتەوە، ئەوانەی بەردەوام وێنەیان بەكاردێنن ڕێژەیان (77%)ە، بڕگەی هەندێجاریش لە پلەی دووەم، بەڕێژەی (12%) پلەی دێت، بڕگەی (كەم)یش ڕێژەی (11%) یە لە پلەی سێیەمدا. ئەنجامی لادانی پێوەریش (1.35)بووە و ناوەندی ژمێرەییش (0.686) ە.

بە شێوەیەكی گشتی بەڕای توێژەر، چینی قوتابیان چینێكی هۆشیار و كراوەن، بۆیە پەنا نابەنە بەر ناوی خوازراو، یان ناوی كەسانی دیكە.

**خشتەی (16)، بەكارهێنانی تیك تۆك تاچەند گوشار دەخاتە سەر نموونەی توێژینەوەكە**

| ژ | | دووبارە | % |
|---|---|---|---|
| 1 | زۆر | 22 | 13 |
| 2 | نازانم | 43 | 23 |
| 3 | هەرگیز | 117 | 64 |
| | گۆی گشتی | 183 | 100 |
| | لادانی پێوەری | 0.703 | |
| | ناوەندی ژمێرەیی | 1.48 | |

خشتەی سەرەوە نیشانی دەدات زۆرینەی نموونەی توێژینەوە، بەڕێژەی (64%) پێیانوایە (هەرگیز) تۆڕی كۆمەڵایەتی تیك تۆك گوشاریان ناخاتە سەر بۆ گرتنەبەری ڕەفتارەكی دیاریكراو، هەروەها ئەوانەی بە (نازانم) وەڵامیان داوەتەوە لە پلەی دووەمدا دێن، بە ڕێژەی (23%)، ئەوانەی بە (زۆر)یش وەڵامیان داوەتەوە ڕێژەیان (13%)یە، لەپلەی سێیەم. هەروەها بەپێی ئەنجامەكان لادانی پێوەریی (0.703)تۆماركردووە و ناوەندی ژمێرەییش (1.48).

ئەوەی توێژەر لە خشتەی ناوبراودا تێبینی كردووە، نموونەی توێژینەوە وەك پێویست نەیانتوانیووە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە، بەو پێیەی لە وەڵامی پرسیاری (22) و (23) ئاماژە بەوە دەكەن كە ئەپی ناوبراو كاریگەری نەرێنی و ئەرێنی لەسەریان هەبووە.

**خشتەی (17)، پاڵنەرانەكانی بەكارهێنانی تۆڕی كۆمەڵایەتی تیك تۆك ڕوون دەكاتەوە**

ئەم خشتەیە پاڵنەرانەكانی بەكارهێنانی تۆڕی كۆمەڵایەتی تیك تۆك دەخاتەڕوو، زۆرینەی نموونەی توێژینەوەكە بەپلەی یەكەم و بەڕێژەی (54%) لەگەڵ ئەوەدان كە پاڵنەری سەرەكی بەكارهێنانی تۆڕی كۆمەڵایەتی تیك تۆك (بۆ وەرگرتنی زانیاری و هەواڵ) دەگەڕێتەوە، بەپێی ئەنجامەكانیش لادانی پێوەری ئەمە (0.888)بووە و ناوەندی ژمێرەییش (2.24) بووە. هەروەها پاڵنەری (ئاگاداربوون لە ڕووداوەكان) بەڕێژەی (53%) لە پلەی دووەم دێت، ئەوەش ڕوون بووتەوە كە لادانی پێوەریی (0.861)بووە و ناوەندی ژمێرەییش (2.26)، پاڵنەری ( فێربوونی زمانی بیانی) ش بە ڕێژەی (44%) پلەی سێیەمی هێناوە، لادانی پێوەریشی نزیكە لە (0.938) و ناوەندی ژمێرەییش ڕێك (2.00) بووە، لەهەمان كاتدا پاڵنەری (پەیداكردنی كار و پیشە) كەمترین پلەی هێناوە بە ڕێژەی (14%). هەروەك ئەوەش ڕوونبووتەوە كە لادانی پێوەری (0.732)یە و ناوەندی ژمێرەییش (1.46).

| ژ | پاڵنەرەكان | لەگەڵیدام دووبارە | لەگەڵیدام % | نازانم دووبارە | نازانم % | لەگەڵیدانیم دووبارە | لەگەڵیدانیم % | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمێرەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | بۆ وەرگرتنی زانیاری و هەواڵ | 99 | 54 | 29 | 16 | 55 | 30 | 0.888 | 2.24 |
| 2 | ئاشنابوون بە جیهانی تیك تۆك | 79 | 43 | 44 | 24 | 60 | 33 | 0.868 | 2.10 |
| 3 | هاندەری برادەران بوو | 37 | 20 | 35 | 19 | 111 | 61 | 0.805 | 1.60 |
| 4 | ئاگاداربوون لە ڕووداوەكان | 97 | 53 | 36 | 20 | 50 | 27 | 0.861 | 2.26 |
| 5 | هۆشیارم دەكاتەوە لە چارەسەركردنی كێشەكان و خێرا گەیاندنی زانیاری | 47 | 26 | 40 | 22 | 96 | 52 | 0.845 | 1.73 |
| 6 | بۆ ناوبانگ پەیداكردن | 35 | 19 | 21 | 12 | 127 | 69 | 0.797 | 1.50 |
| 7 | بۆ ناسینی خەڵك و گفتوگۆكردن | 37 | 20 | 26 | 14 | 120 | 66 | 0.810 | 1.55 |
| 8 | بۆ یاریكردن و كاتبەسەربردن | 76 | 42 | 32 | 17 | 75 | 41 | 0.911 | 2.01 |
| 9 | پەیداكردنی كار و پیشە | 26 | 14 | 32 | 18 | 125 | 68 | 0.732 | 1.46 |
| 10 | فێربوونی زمانی بیانی | 80 | 44 | 23 | 12 | 80 | 44 | 0.938 | 2.00 |

سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی (نازانم)، پاڵنەری (ئاشنابوون بە جیهانی تیك تۆك) بەڕێژەی (24%) پلەی یەكەمی هێناوە، لادانی پێوەریشی بریتییە لە (0.868) و ناوەندی ژمێرەییش (2.10)، پاڵنەری (هۆشیارم دەكاتەوە لە چارەسەركردنی كێشەكان و خێرا گەیاندنی زانیاری) لە پلەی دووەمی ئەم هەڵسەنگاندن دایە بە ڕێژەی(22%)، بە لادانی پێوەریی (0.845) و ناوەندی ژمێرەیی (1.73)، پاڵنەری (ئاگاداربوون لە ڕووداوەكان)یش بەڕێژەی (20%)لە پلەی سێیەمدا جێگیربووە، بە لادانی پێوەریی (0.861) و ناوەندی ژمێرەیی (2.26)، بەڵام هەردوو پاڵنەری (بۆ ناوبانگ پەیداكردن) و (فێربوونی زمانی بیانی) كەمترین پلەیان هێناوە بە ڕێژەی (14%)، و بە لادانی پێوەری (0.797)، و (0.938) و ناوەندی ژمێرەیی (1.50)، و (2.00).

لە هەڵسەنگاندنی (لەگەڵدانیم)، نموونەی توێژینەوە لە پاڵنەری (بۆ ناوبانگ پەیداكردن) بەڕێژەی (69%) زۆرترین ڕێژەی تۆماركردووە، بە لادانی پێوەریی (0.797) و ناوەندی ژمێرەیی (1.50)، هەروەها پاڵنەری (پەیداكردنی كار و پیشە) لە پلەی دووەمدایە بەڕێژەی (68%)، و لادانی پێوەریی (0.732) و ناوەندی ژمێرەیی (1.46)، هاوكات پاڵنەری (بۆ

ناسینی خەڵك و گفتوگۆكردن) بەرێژەی (66%) لە پلەی سێیەمدا جێگیرە، بە لادانی پێوەری (0.810) و ناوەندی ژمێرەیی (1.55)، کەچی پاڵنەری (ئاگاداربوون لە رووداوەکان) لەدوا ریزبەندی دایە، بەرێژەی (27%)، و بە لادانی پێوەری (0.861) و ناوەندی ژمێرەیی (2.26).

لەمیانی ئەم ئەنجامە ئاماریيانە دەردەکەوێت کە رێژەیەکی مامناوەندی نموونەی توێژینەوە لەگەڵ ئەوەدان کە پاڵنەرگەلێك هەن هانیانداو تۆری کۆمەڵایەتی تیك تۆك بەکاربێنن.

**خشتەی (18)، کاریگەرییەکانی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی تیك تۆك لەسەر ڕەفتاری نموونەی توێژینەوە روون دەکاتەوە**

| ژ | کاریگەرییەکان | لەگەڵیدام دووباره | لەگەڵیدام % | نازانم دووباره | نازانم % | لەگەڵیدانیم دووباره | لەگەڵیدانیم % | لادانی پیوەری | ناوەندی ژمێرەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | کاتێکی زۆری لێدەبردم | 109 | 59 | 23 | 13 | 51 | 28 | 0.882 | 2.32 |
| 2 | تێکەڵ نەبوون لەگەڵ خزمان | 67 | 37 | 32 | 17 | 84 | 46 | 0.906 | 1.91 |
| 3 | دوورکەوتنەوە لە خوێندن | 87 | 47 | 22 | 12 | 74 | 41 | .9380 | 2.07 |
| 4 | بۆتە هۆی کەمکردنەوەی ئاڵوگۆڕی سۆز و بیروڕایەکانم لە ناو خێزاندا | 61 | 33 | 37 | 21 | 85 | 46 | .8880 | 1.87 |
| 5 | بۆتە هۆی پشتگوێ خستنی کارەکانی ماڵەوەم | 58 | 32 | 27 | 14 | 98 | 54 | .9000 | 1.78 |
| 6 | ئاڵودەبوون | 53 | 29 | 32 | 17 | 98 | 54 | .8770 | 1.75 |
| 7 | زوو زوو تۆڕە دەبم، کەم دەخەوم | 50 | 27 | 28 | 15 | 105 | 58 | .8720 | 1.70 |
| 8 | لادانی ڕەفتاری و ئەخلاقی | 49 | 27 | 19 | 10 | 115 | 63 | .8780 | 1.64 |
| 9 | ژیانی خۆم بەراورد دەکەم لەگەڵ خەڵکی دیکە بە تایبەتی ئەوانەی وێنەی جوان بڵاودەکەنەوە | 40 | 22 | 24 | 13 | 119 | 65 | .8280 | 1.57 |
| 10 | وەك پێویست گرنگی بە تەندروستی خۆم نادەم | 50 | 27 | 21 | 12 | 112 | 61 | .8800 | 1.66 |

ئەم خشتەیە کاریگەرییەکانی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی تیك تۆك روون دەکاتەوە، زۆرینەی نموونەی توێژینەوەکە بەپلەی یەکەم و بەرێژەی (59%) لەگەڵ ئەوەدان کە لە کاریگەرییەکانی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی تیك تۆك (کاتێکی زۆری لێدەبردم) زۆرترین کاریگەری هەبووە لەسەریان، بە لادانی پێوەریی (0.882) و ناوەندی ژمێرەیی (2.32)، هەروەها کاریگەری (دورکەوتنەوە لە خوێندن) بەرێژەی (47%) لە پلەی دووەم دێت، بە لادانی پێوەریی (0.938)، و ناوەندی ژمێرەیی (2.07)، کاریگەریی (تێکەڵ نەبوون لەگەڵ خزمان)یش بە رێژەی (37%) لە پلەی سێیەمدایە، بە لادانی پێوەریی (0.906) و ناوەندی ژمێرەیی (1.91)، لە هەمان کاتدا هەر سەبارەت بە کاریگەرییەکان، کاریگەری (ژیانی خۆم بەراورد دەکەم لەگەڵ خەڵکی دیکە بە تایبەتی ئەوانەی وێنەی جوان بڵاودەکەنەوە) کەمترین پلەی هێناوە بە رێژەی (22%)، بە لادانی پێوەریی (0.828)، و ناوەندی ژمێرەیی (1.57).

لە هەڵسەنگاندنی (نازانم)یشدا، کاریگەری (بۆتە هۆی کەمکردنەوەی ئاڵوگۆڕی سۆز و بیروڕایەکانم لە ناو خێزاندا) پلەی یەکەمی هێناوە، بەرێژەی (21%)، بە لادانی پێوەریی (0.888)، و ناوەندی ژمێرەیی (1.87)، هەردوو کاریگەری (تێکەڵ نەبوون لەگەڵ خزمان) و (ئاڵودەبوون)یش بە رێژەی(17%) لە پلەی دووەمدان، بە لادانە پێوەرییەکانی (0.906) و(0877) و ناوەندە ژمێرەییەکانی (1.91) و (1.75)، کاریگەری (زوو زوو تۆڕە دەبم، کەم دەخەوم) ڕێژەی (15%) وەرگرتووە، لە پلەی سێیەمدایە، بە لادانی پێوەریی (0872)، و ناوەندی ژمێرەیی (1.70)، کەچی هەردوو کاریگەری (دورکەوتنەوە لە خوێندن) و (وەك پێویست گرنگی بە تەندروستی خۆم نادەم) کەمترین پلەیان وەرگرتووە، بە رێژەی (12%)، و. بە لادانی پێوەریی (0.880)، و ناوەندی ژمێرەیی (1.66).

سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی (لەگەڵدانیم)، نموونەی توێژینەوە لە کاریگەری (ژیانی خۆم بەراورد دەکەم لەگەڵ خەڵکی دیکە بە تایبەتی ئەوانەی وێنەی جوان بڵاودەکەنەوە)، لەپلەی یەکەمە، بەرێژەی (65%)، بە لادانی پێوەریی (0.828)، و ناوەندی ژمێرەیی (1.57)، هەروەها کاریگەری (لادانی ڕەفتاری و ئەخلاقی) بەرێژەی (63%) لە پلەی دووەمدایە، بە لادانی پێوەریی (0878)، و ناوەندی ژمێرەیی (1.64)، کاریگەری (وەك پێویست گرنگی بە تەندروستی خۆم نادەم) بەرێژەی (61%) لە پلەی سێیەمدایە، بە لادانی پێوەریی (0.880)، و ناوەندی ژمێرەیی (1.66)، کەترین ڕێژەش کاریگەری (کاتێکی زۆری لێدەبردم) تۆمارکردووە، بەرێژەی (28%)، و بە لادانی پێوەریی (0.882)، و ناوەندی ژمێرەیی (2.32).

لەژێر رۆشنایی ئەم ئەنجامانەی سەرەوە، دەردەکەوێت کە بەرێژەیەکی مام ناوەند نموونەی توێژینەوە لەگەڵ ئەوەدان بەکارهێنانی تۆڕ کۆمەڵایەتی تیك تۆك کاریگەریی لەسەر ڕەفتاریان دروستکردووە.

خشتەی (19)، بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی ڤیدیۆی تیك تۆك لای نموونەی توێژینەوە روون دەکاتەوە

| ژ | بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی ڤیدیۆی تیك تۆك | دووباره | % |
|---|---|---|---|
| 1 | بەڵێ | 112 | 61 |
| 2 | نەخێر | 71 | 39 |
| | کۆی گشتی | 183 | 100 |

لە خشتەی ناوبراودا روون دەبێتەوە، رێژەی (61%)ی نموونەی توێژینەوە ناوەڕۆکی ڤیدیۆی تیك تۆك بەرهەم دەهێنن، لەهەمان کاتدا لە (39%) نموونەی توێژینەوەکە بەشدار نین لە بەرهەمم هێنانی ناوەڕۆکی ڤیدیۆکانی تیك تۆك.

خشتەی (20)، ناوەڕۆکی ئەو بابەتانەی لای نموونەی توێژینەوە دروستدەکرێت، ڕوون دەکاتەوە

| ژ | بابەتەکان | لەگەڵیدام | | نازانم | | لەگەڵیدانیم | | لادانی پیوەری | ناوەندی ژمێرەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | | |
| 1 | **هەواڵ و زانیاری** | 44 | 62 | 13 | 18 | 14 | 20 | 1.341 | 1.09 |
| 2 | **ڤیدیۆی چالاکییەکانی خۆم** | 33 | 46 | 23 | 32 | 15 | 21 | 1.288 | 1.25 |
| 3 | **گۆرانی هونەرمەندان** | 43 | 61 | 17 | 24 | 11 | 15 | 1.340 | 1.31 |
| 4 | **ڤیدیۆ وەزشیەکان** | 41 | 58 | 18 | 25 | 12 | 17 | 1.330 | 1.30 |
| 5 | **ڤیدیۆ ڕەخنەئامێزەکان** | 36 | 51 | 22 | 31 | 13 | 18 | 1.272 | 1.23 |
| 6 | **ڤیدیۆی کۆمێدی** | 44 | 62 | 18 | 25 | 9 | 13 | 1.350 | 1.35 |
| 7 | **ڤیدیۆی وروروژێنەر** | 41 | 58 | 16 | 23 | 14 | 20 | 1.285 | 1.23 |
| 8 | **ڤیدیۆی گاڵتەوگەپ و سەرگەرمی** | 35 | 49 | 21 | 30 | 15 | 21 | 1.260 | 1.20 |
| 9 | **دانانی ڤیدیۆی تایبەت بە پسپۆری و خوێندنەکەم** | 41 | 58 | 20 | 28 | 10 | 14 | 1.342 | 1.32 |

ئەم خشتەیە ناوەڕۆکی ئەو بابەتانەی لای نموونەی توێژینەوە دروست دەکرێت، دەخاتەڕوو، زۆرینەی نموونەی توێژینەوەکە بە پلەی یەکەم بایەخ بە بەرهەم هێنانی ناوەڕۆکی هەردوو بابەتی (هەواڵ و زانیاری) و (ڤیدیۆی کۆمێدی) دەدەن و بڵاویدەکەنەوە، ئەمەش بەڕێژەی (62%)، و بە لادانە پیوەرییەکانی (1.341) و (1.350) و ناوەندە ژمێرەییەکانی (1.09) و (1.35)، لە پلەی دووەمیشدا بڕگەی بابەتەکانی (گۆرانی هونەرمەندان) دێت، بەڕێژەی (61%)، بە لادانی پیوەریی (1.340)، و ناوەندی ژمێرەیی (1.31)، هەروەها هەر سێ بڕگەی بەرهەمهێنانی بابەتە (ڤیدیۆ وەزشییەکان) و (ڤیدیۆی وروروژێنەر) و(دانانی ڤیدیۆی تایبەت بە پسپۆری و خوێندنەکەم) ڕێژەی (58%)، یان هێناوە، بە پلەی سێیەم، بە لادانە پیوەرییەکانی (1.330) و (1.285) و (1.342)، و ناوەندە ژمێرەییەکانی، (1.30)و (1.23)و( 1.32)، بڕگەی دروستکردنی (ڤیدیۆی چالاکییەکانی خۆم) لە دوا پلەیە، بە ڕێژەی (46%)، بە لادانی پیوەریی (1.288)، و ناوەندی ژمێرەیی (1.25).

تایبەت بە هەڵسەنگاندنی(نازانم)یش، ئەوە دەرکەوتووە کە نموونەی توێژینەوەکە دروستکردنی بابەتی (ڤیدیۆی چالاکییەکانی خۆم) زۆرترین بووە، بەڕێژەی (32%)، لەپلەی یەکەمدا، بە لادانی پیوەریی (1.288) و ناوەندی ژمێرەیی (1.25)، لە پلەی دووەمیشدا جێگیربوونی بڕگەی (ڤیدیۆ ڕەخنەئامێزەکان) بە ڕێژەی(31%) تێبینی دەکرێت، بە لادانی پیوەریی (1.272)، و ناوەندی ژمێرەیی (1.23)، هەروەها بڕگەی بابەتی (ڤیدیۆی گاڵتەوگەپ و سەرگەرمی) لە پلەی سێیەمە بەڕێژەی (30%)، بە لادانی پیوەریی (1.260)، و ناوەندی ژمێرەیی (1.20)، کەچی بڕگەی (هەواڵ و زانیاری) کەمترین پلەی هێناوە بە ڕێژەی (18%).. بە لادانی پیوەریی (1.341) و ناوەندی ژمێرەیی (1.09).

دەربارەی هەڵسەنگاندنی(لەگەڵدانیم)، نموونەی توێژینەوە لە هەردوو بڕگەی بابەتەکانی (ڤیدیۆی چالاکییەکانی خۆم) و (ڤیدیۆی گاڵتەوگەپ و سەرگەرمی) پلەی یەکەمیان هێناوە، بەڕێژەی (21%)، بە لادانە پیوەرییەکانی (1.288) و (1.260) و ناوەندە ژمێرەییەکانی (1.25)و (1.32)، هاوکات نموونەی توێژینەوە بەڕێژەی (20%) لەگەڵ هەردوو بابەتەکانی (هەواڵ و زانیاری) و (ڤیدیۆی وروروژێنەر) نین، بە لادانە پیوەرییەکانی (1.341) و (1.285)، و ناوەندە ژمێرەییەکانی (1.09) و(1.20)، بڕگەی دروستکردنی بابەتی (ڤیدیۆ ڕەخنەئامێزەکان)یش ڕێژەی (18%) نموونەی توێژینەوە لەگەڵیدا نین بە پلەی سێیەم، بە لادانی پیوەریی (1.272)، و ناوەندی ژمێرەیی (1.23)، بەڵام بڕگەی بابەتی (ڤیدیۆی کۆمێدی) لەدوا ڕیزبەندییە بەڕێژەی (13%)، بە لادانی پیوەریی (1.350)، و ناوەندی ژمێرەیی (1.35).

ئەم ئەنجامانەی سەروە دەرخەری ئەوەن کە، ڕێژەیەکی زۆرباشی نموونەی توێژینەوە بایەخ بەو بابەتانە دەدەن کە سوودی گشتی تێدایە، وەك بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری.

**خشتەی (21)، پێوانەی لایەنی هەستیی نموونەی توێژینەوە دەکات لەکاتی بەکارنەهێنانی تیك تۆك بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك**

| ژ | بابەتەکان | لەگەڵیدام | | نازانم | | لەگەڵیدانیم | | لادانی پیوەری | ناوەندی ژمێرەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | | |
| 1 | هەست بە دڵەراوکێیەکی زۆر دەکەم | 34 | 19 | 22 | 12 | 127 | 69 | 0.804 | 1.47 |
| 2 | هەست بە بێزاری و | 31 | 17 | 34 | 19 | 118 | 64 | 0.769 | 1.49 |

| ژ | بڕگە | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمێرەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ماندووبوونیکی زۆر دەکەم | | | | | | | | |
| 3 | هەست بە تووڕەییەکی زۆر دەکەم | **20** | **11** | **29** | **16** | **134** | **73** | 0.672 | 1.36 |
| 4 | دڵ و دەروونم ئارام دەبێتەوە | 81 | 44 | 32 | 17 | 70 | 38 | 0.928 | 2.03 |
| 5 | بە ئارامی دەخەوم | **86** | **47** | **31** | **17** | **66** | **36** | 0.921 | 2.10 |
| 6 | تامەزرۆی گەڕانەوە دەکەم | **41** | **22** | **35** | **19** | **107** | **58** | 0.837 | 1.61 |

خشتەی سەرەوە هەستکردنی نموونەی توێژنەوەکە دەخاتەڕوو لە حاڵەتی بەکارنەهێنانی تۆڕی تیك تۆك بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك، لێرەدا زۆرینەی نموونەی توێژینەوەکە لەگەڵ ئەوەن کە لە کاتی بەکارنەهێنانی تیك تۆکدا (بە ئارامی دەخەوم)ن، ئەمیش بەڕێژەی (47%)، بە لادانی پێوەریی (0.921) و ناوەندی ژمێرەیی (2.10)، بڕگەی (دڵ و دەروونم ئارام دەبێتەوە)ش لە پلەی دووەمدایە، بەڕێژەی (44%)، بە لادانی پێوەریی (0.928)، و ناوەندی ژمێرەیی (2.03)، هەروەها بڕگەی (تامەزرۆی گەڕانەوە دەکەم) پلەی سێیەمی هێناوە، و دەرکەوتووە، کە ڕێژەی (22%)ی بەکاربەران تامەزرۆی گەڕانەوەن بۆ بەکارهێنانی، بە لادانی پێوەری (0.837)، و ناوەندی ژمێرەیی (1.61)، کەمترین ڕێژە بۆ بڕگەی (هەست بە تووڕەییەکی زۆر دەکەم) بووە، کەمترین بە ڕێژەی (11%)، و بە لادانی پێوەریی (0.672) و ناوەندی ژمێرەیی (1.36).

لە هەڵسەنگاندنی (نازانم)دا نموونەی توێژینەوەکە هەر دوو بڕگەی (هەست بە بێزاری و ماندووبوونیکی زۆر دەکەم) و (تامەزرۆی گەڕانەوە دەکەم) بەڕێژەی (19%) پلەی یەکەمی هێناوە، بە لادانی پێوەری (0.769) (0.837) و ناوەندی ژمێرەیی (1.49) (1.61)، هەروەها هەردوو بڕگەی (دڵ و دەروونم ئارام دەبێتەوە) و(بە ئارامی دەخەوم) هەمان ڕێژەیان هێناوە بە ڕێژەی (17%) لە پلەی دووەمدایە، بە لادانە پێوەرییەکانی پێوەری (0.928) و (0.921)، و ناوەندە ژمێرەییەکانی (2.03) و(2.10)، هەروەها بڕگەی (هەست بە تووڕەییەکی زۆر دەکەم) بەڕێژەی (16%)لە پلەی سێیەمدایە، کەچی بڕگەی (هەست بە دڵەڕاوکێیەکی زۆر دەکەم) کەمترین پلەی هێناوە بە ڕێژەی (12%). بە لادانی پێوەری (0.804) و ناوەندی ژمێرەیی (1.47).

لە هەڵسەنگاندنی (لەگەڵدانیم)، زۆرینەی نموونەی توێژینەوە لەگەڵ بڕگەی (هەست بە تووڕەییەکی زۆر دەکەم)دا نین، بەڕێژەی (73%) لە پلەی یەکەمدا، بە لادانی پێوەریی (0.672)، و ناوەندی ژمێرەیی (1.36)، هەروەها ڕێژەی (69%)، یان لەگەڵ بڕگەی (هەست بە دڵەڕاوکێیەکی زۆر دەکەم) نین، بە لادانی پێوەریی (0.804)، و ناوەندی ژمێرەیی (1.47)، لە پلەی سێیەمیشدا بڕگەی (هەست بە بێزاری و ماندووبوونیکی زۆر دەکەم) هاتووە، بەڕێژەی (63%)، بە لادانی پێوەریی (0.769)، و ناوەندی ژمێرەیی (1.49)، بەڵام نموونەی توێژینەوە بەڕێژەی (36%) لەگەڵ بڕگەی (بە ئارامی دەخەوم) دا نین کە لەدوا ڕیزبەندیدا هاتووە، بە لادانی پێوەریی (0.921)، و ناوەندی ژمێرەیی (2.10).

لەبەر ڕۆشنایی ئەم ئەنجامانەی سەرەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە ڕێژەیەکی مامناوەندی نموونەی توێژینەوەکە لەگەڵ هەڵسەنگاندنەکانی (نازانم) و (لەگەڵیدانیم)دانین، لەکاتی بەکارنەهێنانی تیك تۆك بۆماوەی چەند ڕۆژێك، بەڵام سەرباری ئەمانەش، هەر پێوەست بەم حاڵەتە، ئەنجامەکان ئەوە دەخەنەڕوو کە ڕێژەی زۆری نموونەی توێژینەوەکە لە هەڵسەنگاندنی (لەگەڵیدام)، (بە ئارامی دەخەون)، ئەمەش ئەنجامێکی باشە، و ئەوە بەرجەستە دەکات کە تۆڕی تیك تۆك کاریگەری لەسەر نموونەکانی توێژینەوەکە هەیە.

خشتەی (22)، ئاستی کاریگەرییەکانی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە

| ژ | کاریگەرییەکان | دووبارە | % |
|---|---|---|---|
| 1 | کاریگەری نەرێنی | 72 | 39 |
| 2 | کاریگەری ئەرێنی | 62 | 34 |
| 3 | هیچ کاریگەری نەبووە | 49 | 27 |
| | کۆی گشتی | 183 | 100 |

لەم خشتەیەدا ئاستی کاریگەرییەکان لەڕووی ئەرێنی و نەرێنییەوە دەردەکەوێت لەکاتی بەرکەوتنی نموونەی توێژینەوە بە ناوەڕۆکی بابەتەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی تیك تۆك، ئەمەیش وەك تێبینی دەکرێت کاریگەرییە نەرێنییەکە بەڕێژەی (39%) لە پلەی یەکەمدا، کاریگەری ئەرێنیش بەڕێژەی (34%) لە پلەی دووەمدایە، هەروەها بڕگەی هیچ کاریگەری نەبوو ڕێژەی (27%) تۆمارکردووە.

خشتەی (23)، کاریگەرییە نەرێنییەکانی نموونەی توێژینەوە دەخاتەڕوو

| ژ | بابەتەکان | لەگەڵیدام | | نازانم | | لەگەڵیدانیم | | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمێرەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | | |
| 1 | دابڕان لە خوێندن | 46 | 64 | 5 | 7 | 21 | 29 | 1.271 | 0.87 |
| 2 | بەدەستهێنانی نمرەی کەم | 49 | 68 | 8 | 11 | 15 | 21 | 1.309 | 0.93 |
| 3 | پەیوەستبوونم بە دەوامی زانکۆ کەمبووتەوە | 31 | 43 | 13 | 18 | 28 | 39 | 1.141 | 0.77 |
| 4 | فەرامۆشکردنی ئەرکەکانم لە خوێندن | 51 | 71 | 9 | 13 | 12 | 17 | 1.338 | 0.97 |
| 5 | نەخوێندنەوەی کتێب | 54 | 75 | 4 | 6 | 14 | 19 | 1.362 | 0.97 |

خشتەی (23) کاریگەرییە نەرێنییەکانی نموونەی توێژینەوە دەخاتەڕوو، نموونەی توێژینەوە وایدەبینێت کاریگەریی نەرێنی هەرە دیار لە بەرکەوتنی تیك تۆکدا (نەخوێندنەوەی کتێب)ە، ئەمەش بە ڕێژەی (75%) و لە پلەی یەکەم دێت، بە لادانی پێوەریی (1.362) و ناوەندی ژمێرەیی (0.97) دووەم کاریگەری نەرێنیش بریتییە لە (فەرامۆشکردنی ئەرکەکانم لە خوێندن) بەڕێژەی (71%)، بە لادانی پێوەریی (1.338) و ناوەندی ژمێرەیی (0.97). (بەدەستهێنانی نمرەی کەمیش) سێیەم کاریگەرییە لە نموونەی توێژینەوهکە، بە ڕێژەی (68%)، و بە لادانی پێوەریی (1.309) و ناوەندی ژمێرەیی (0.93). کەمترین کاریگەریش لەسەر (پەیوەست نەبوونم بە دەوامی زانکۆ) بووە، بەڕێژەی (43%) لە پلەی کۆتاییدای، بە لادانی پێوەریی (1.141) و ناوەندی ژمێرەیی (0.77).

لە هەسەنگاندنی (نازانم)دا کاریگەری نەرێنی نموونەی توێژینەوەکە بڕگەی (پەیوەستبوونم بە دەوامی زانکۆ کەمبووتەوە) بەڕێژەی (18%) پلەی یەکەمی هێناوە، بە لادانی پێوەری (1.141) و ناوەندی ژمێرەیی (0.77)، هەروەها کاریگەریی نەرێنی لە بڕگەی (فەرامۆشکردنی ئەرکەکانم لە خوێندن) بە ڕێژەی(13%) لە پلەی دووەمدایە، بە لادانی پێوەری (1.338) و ناوەندی ژمێرەیی (0.97). بڕگەی (بەدەستهێنانی نمرەی کەم) بەڕێژەی (11%)لە پلەی سێیەمدایە، بە لادانی پێوەری (1.309) و ناوەندی ژمێرەیی

(0.93)، بەڵام کاریگەری نەرێنی برگەی (نەخوێندنەوەی کتێب) کەمترین پلەی هێناوە بە ڕێژەی (6%)، بە لادانی پیوەری (1.362) و ناوەندی ژمێرەیی (0.97).

لە هەڵسەنگاندنی (لەگەڵدانیم)، زۆرینەی نموونەی توێژینەوە لەگەڵ برگەی (پەیوەستبوونم بە دەوامی زانکۆ کەمبووتەوە)دا نین، بەرێژەی (39%) لە پلەی یەکەمدا، بە لادانی پیوەریی (1.141) و ناوەندی ژمێرەیی (0.77)، هەروەها ڕێژەی (29%)یشیان لەگەڵ برگەی (دابڕان لە خوێندن)نین کە لە پلەی دووەمدایە، بە لادانی پیوەریی (1.271)، و ناوەندی ژمێرەیی (0.87)، سەبارەت بە برگەی (بەدەستهێنانی نمرەی کەم)، ڕێژەی (21%) نموونەی توێژینەوە لەگەڵیدانین، بە لادانی پیوەریی (1.309) و ناوەندی ژمێرەیی (0.93)، بەڵام (17%) لێتوێژراوان لەگەڵ برگەی (فەرامۆشکردنی ئەرکەکانم لە خوێندن)نی، کە لەدوا پلەدا هاتووە، بە لادانی پیوەریی (1.338)، و ناوەندی ژمێرەیی (0.97).

بەبڕوای توێژەر کاریگەری نەرێنی نەخوێندنەوەی کتێب و ئەنجامنەدانی ئەرکەکانی خوێندن لای قوتابیانی زانکۆ، دەگەڕێتەوە بۆ بە هەدەردانی کاتێکی زۆر لە بەرکەوتن و بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بە تایبەتیش تۆڕی کۆمەڵایەتی تیك تۆك، ئەمەش کاریگەری خراپ لەسەر خوێندن و تەنانەت لایەنی ئابووری نموونەی توێژینەوە دروست دەکات.

خشتەی (24)، کاریگەرییە ئەرێنییەکانی نموونەی توێژینەوە دەخاتەڕوو

| ژ | بابەتەکان | لەگەڵیدام | | نازانم | | لەگەڵیدانیم | | لادانی پیوەری | ناوەندی ژمێرەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | | |
| | وەرگرتنی هەواڵ و زانیاری | 46 | 74 | 7 | 11 | 9 | 15 | 1.38 | 1.15 |
| 2 | فراوانکردنی ڕۆشنبیری و مەعریفەت و زانست | 36 | 58 | 18 | 29 | 8 | 13 | 1.29 | 1.09 |
| 3 | ئاشنابوون بە کەلتووری نەتەوەکانی دیکە | 40 | 65 | 13 | 21 | 9 | 15 | 1.363 | 1.14 |
| 4 | خەڵکێکی زۆرم ناسیوە | 19 | 31 | 17 | 27 | 26 | 42 | 1.089 | 0.81 |
| 5 | پەیوەندی بەستن لەگەڵ کەسان لە هەر شوێنێکی جیهان بێ | 24 | 39 | 10 | 16 | 28 | 45 | 1.158 | 0.87 |
| 6 | ەیداکردنی کار و پیشە لە بواری پسپۆری خۆم | 33 | 53 | 11 | 18 | 18 | 29 | 1.246 | 0.95 |
| 7 | فێربوونی زمان | 39 | 63 | 12 | 19 | 11 | 18 | 1.352 | 1.11 |

لەم خشتەیەدا کاریگەرییە ئەرێنییەکانی نموونەی توێژینەوە بەدیاردەکەوێت، نموونەی توێژینەوە وایدەبینێت کاریگەریی ئەرێنی هەرە دیار لە بەرکەوتنی تیك تۆکدا (وەرگرتنی هەواڵ و زانیاری)یە، بە ڕێژەی (74%)، بە لادانی پیوەریی (1.385)، و ناوەندی ژمێرەیی (1.15). ئاشنابوون بە کەلتووری نەتەوەکانی دیکەیش دووەم کاریگەرییە ئەرێنییەکانی بەرکەوتوانە، بەرێژەی (65%)، لە پلەی دووەمدا، هەروەها بە لادانی پیوەریی (1.363)، و ناوەندی ژمێرەیی (1.14). سێیەم کاریگەری ئەرێنیش بریتییە لە (فێربوونی زمان)، بەرێژەی (63%)، بە لادانی پیوەریی (1.352)، و ناوەندی ژمێرەیی (1.11). کەمترین کاریگەری ئەرێنیش لە برگەی (ناسینی خەڵکێکی زۆر) بووە، بەرێژەی (31%) لە پلەی کۆتایدا، بە لادانی پیوەریی (1.089)، و ناوەندی ژمێرەیی (0.81).

لە هەڵسەنگاندنی (نازانم)یشدا، یەکەمین کاریگەری ئەرێنی نموونەی توێژینەوەکە لە برگەی (فراوانکردنی ڕۆشنبیری و مەعریفەت و زانست) بەرجەستەبووە، بەرێژەی (29%)، بە لادانی پیوەریی (1.295)، و ناوەندی ژمێرەیی (1.09)، هەروەها دووەمین کاریگەریی ئەرێنی لە برگەی (خەڵکێکی زۆرم ناسیوە)دا بووە، بە ڕێژەی(27%) لە پلەی دووەمدا، بە لادانی پیوەریی (1.089)، و ناوەندی ژمێرەیی (0.81). برگەی (ئاشنابوون بە کەلتووری نەتەوەکانی دیکە)ش لە پلەی سێیەمدا دێت، بەرێژەی (21%)، بە لادانی پیوەریی (1.363)، و ناوەندی ژمێرەیی (1.14)، کەچی کاریگەری ئەرێنی برگەی (وەرگرتنی هەواڵ و زانیاری)کەمترین پلەی هێناوە بە ڕێژەی (11%)،. بە لادانی پیوەریی (1.385) و ناوەندی ژمێرەیی (1.15).

سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی (لەگەڵدانیم)، (45%)ی نموونەی توێژینەوە لەگەڵ برگەی (پەیوەندی بەستن لەگەڵ کەسان لە هەر شوێنێکی جیهان بێ)نین، بە لادانی پیوەریی (1.158)، و ناوەندی ژمێرەیی (0.87). هەروەها ڕێژەی (42%)نموونەی توێژینەکە لەگەڵ برگەی (خەڵکێکی زۆرم ناسیوە)نین، بە لادانی پیوەریی (1.089)، و ناوەندی ژمێرەیی (0.81). برگەی (پەیداکردنی کار و پیشە لە بواری پسپۆری خۆم)، (29%)نموونەی توێژینەوە ڕەتیدەکەنەوە، بە لادانی پیوەریی (1.246)، و ناوەندی ژمێرەیی (0.95)، لە دوا ریزبەندیشدا برگەی (فراوانکردنی ڕۆشنبیری و مەعریفەت و زانست) دێت کە (13%) نموونەی توێژینەوە لەگەڵدا نین، بە لادانی پیوەریی (1.295)، و ناوەندی ژمێرەیی (1.09).

لێرەدا دەردەکەوێت کە کاریگەرییە ئەرێنییەکان ڕێژەیەکی بەرچاویان تۆمارکردووە، واتە جگە لە کاریگەری نەرێنی، تۆڕی کۆمەڵایەتی تیك تۆك کاریگەری ئەرێنیشی هەبووە، بەتایبەت لەڕووی وەرگرتنی هەواڵ و زانیاریی، و ئاشنابوون بە کەلتووری نەتەوەکانی دیکەی. کەواتە بەکارهێنانی تۆڕی تیك تۆك سوودی هەیە بەمەرجێك تاکەکان هۆشیارانە بەکاریبهێنن.

**دەرئەنجامەکان**

1- قوتابیانی کۆلێژی ئاداب بەبەراورد بە قوتابیانی کۆلێژی زانست تۆڕی کۆمەڵایەتی تیك تۆك، زیاتر بەکاردەهێنن.

2- قوتابیانی هەر دوو کۆلێژی ئاداب و کۆلێژی زانست لە زانکۆی سەلاحەددین توانیویانە بە ڕێژەی جیاواز (کەمتر لە کاتژمێرێك بۆ سێ کاتژمێر) تۆڕی کۆمەڵایەتی تیك تۆك بەکاربێنن.

3- ڕەگەزی مێینە زیاتر تۆڕی کۆمەڵایەتی تیك تۆك بەکاردەهێنن، بەمەبەستی دەستکەوتنی لایەنی ماددی.

4- زۆربەی قوتابیانی هەر دوو کۆلێژ، ڕۆژانەو لە دەرفەتی جیاجیادا لە بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی تیك تۆك بەردەوامن.

5- لای سامپڵی توێژینەوە، پاڵنەری ناوبانگ پەیداکردن، گرنگترین پاڵنەرە بۆ زیاتر بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی تیك تۆك.

5- زۆرینەی قوتابیان و بەکارهێنەرانی تۆڕی کۆمەڵایەتی تیك تۆك، زیاتر خەریکی ناوەڕۆکی ڤیدیۆیی تیك تۆکن.

6- ئەنجامەکانی توێژینەوە ئەوەشیان دەرخستووە، کە: نموونەی توێژینەوە لە بەکارهێنەرانی تۆڕی کۆمەڵایەتی تیك تۆك لەڕووی ڕەفتارییەوە کاریگەربوون بە بەکارهێنانی تیك تۆك، بەتایبەت لەڕووی، بەسەربردنی کاتێکی زۆر لەگەڵیدا، ئەوەش بۆتە هۆی کەمبوونەوەی پەیوەندییدکانیان لەگەڵ خزمان و دوورکەوتنەوە لە خوێندن.

7- هەروەها ئەوەش ڕوون بۆتەوە کە نموونەی توێژینەوە بەرێژەیەکی زۆر بایەخ بەو بابەتانە دەدەن کە سوودی گشتی تێدایە، لەسەرووی هەموویانەوە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری.

8- لە حاڵەتی بەکارنەهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی تیك تۆك بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك، دەرکەوتووە نموونەی توێژینەوەکە بەرێژەی مامناوەند بەبەراورد لەگەڵ هەڵسەنگاندنی

(نازانم) و (لەگەڵیدانیم)دان، بەڵام سەرەڕای ئەمە زۆرینەی بەکارهێنەران، لەکاتی بەکارنەهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی تیك تۆك، ئەوان بە ئارامی دەخەون و دڵ و دەروونیان ئارامتر دەبێ، چونکە بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی تیك تۆك، لە کاتێکی زۆر و بەردەوامدا، گرفت و لێکەوتەی نەرێنی لێدەکەوێتەوە.

10- کاریگەریی ئەرێنی تۆڕی کۆمەڵایەتی تیك تۆك لەسەر زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە خۆی لە وەرگرتنی هەواڵ و زانیاری دەبینێتەوە، کەچی کاریگەری نەرێنی خۆی لە نەخوێندنەوەی کتێب دەبینێتەوە.

**پێشنیارەکان:**

1-هەوڵبدرێت توێژینەوەی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە ئەنجام بدرێت، سەرچاوەکانی توێژینەوەکەش لە قوتابیانی زانکۆکانی دیکە، یان تاکەکانی ناو کۆمەڵگە وەربگیرێت، بۆ ئەوەی کاتێك بەراورد لە نێوان دەرئەنجامەکانیان دەکرێت، بگەین بە بەرچاوڕوونییەکی گەورەتر.

**2-** پێویستە قوتابیانی زانکۆ هۆشیارییان هەبێت لە ڤیدیۆ و بابەتەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی تیك تۆك.

3- پێویستە گرنگی بەو پەیامانە بدرێت، کە لەلایەن تەکنەلۆژیای پەیوەندیی مۆدێرن بەگشتی و بەکارهێنانی تیک تۆک بەتایبەتی پێشکەش دەکرێت، ئەمەش بەهۆی ئاستی بەرزی بەکارهێنانیان.

4- پێویستە قوتابیانی زانکۆ زیاتر گرنگی بەو بابەتانە بدەن، کە سوودیان پێدەگەیێنن، بەتایبەتی لە ڕووی وەرگرتنی زانیاری و هەواڵەکان.

5- پێویستە دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەت لە پێناو پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی هاووڵاتیان، سانسۆریان هەبێت لەسەر ئەم تۆڕە و نەهێلن بە ڕەهایی هەموو بابەتێك بکەوێتە بەردەستی بەکارهێنەران.


**سەرچاوەکان:**

**کتێب کوردی :**

1- شێخانی، گۆران زیاد 2020. تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و هۆسیاری کۆمەڵایەتی گەنجان. سلێمانی: چاپخانەی چوار چرا.

2- حەمەسەعید، نەزاکەت حسێن 2019. کێشەکانی میدیا لە هەرێم..ئاسەوار..ڕێگە چارە. هەولێر: زنجیرە کتێبی گۆڤاری گوڵان.

**کتێب عەرەبی:**

1 -کافي، مصطفى يوسف (2016). الاعلام التفاعلي. عمان: دار الحامد للنشر والتوزيع.

2 -اسماعيل، علي سيد (2020). مواقع التواصل الاجتماعي بين التصرفات المرفوضة...والاخلاقيات المضروضة. الاسكندرية: دار التعليم الجامعي.

3 -الشاعر، عبدالرحمن بن ابراهيم 2015. مواقع التواصل الاجتماعي والسلوك الانساني. عمان: دار صفاء للنشر والتوزيع.

4 -الدليمي، عبدالرزاق 2015. صناعة الاعلام العالمي المعاصر. عمان: دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع.

5- شحاتة، حسن 2001. التعليم الجامعي والتقويم الجامعي بين النظرية والتطبيق. القاهرة: الدار العربية للكتاب.

6- الحمداني، بشرى حسين 2014. القرصنة الالكترونية اسلحة الحرب الحديثة. عمان: دار اسامة للنشر والتوزيع.

7- جبريل، سلمى بن حسن، بنت عبدالرحمن محمد العريشي، الدوسري 2015. الشبكات الاجتماعية والقيم رؤية تحليلية. عمان: الدار المنهجية للنشر والتوزيع.

8- حسن، السوداني، محمد، المنصور 2016. شبكات التواصل الاجتماعي وتاثيرها على جمهور المتلقين. عمان: مركز الكتاب الاكاديمي.

9- معادي، شوقي بن محمد 2018. اساليب تعديل السلوك الصفي في المرحلة الابتدائية. عمان: دار الأسرة للإعلام و دار عالم الثقافة للنشر.

**نامەی ماستەر:**

1- احمد، شاكر حسين. 2011. ڕەفتاری دەنگدان لە هەرێمی کوردستان بۆ هەڵبژاردنەکانی پەلەمانی2009-توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە پارێزگا هەولێر. هەولێر: نامەیەکی ماستەری بڵاونەکراوەیە، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، کۆلێژی ئەدەبیات، بەشی کۆمەڵناسی.

2- عبدالصمد، شنۆ حسن. 2020. بەرپرسیاریێتی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ- توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە زانکۆی سلێمانی. سلێمانی: نامەیەکی ماستەری چاپنەکراوەیە، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی کۆمەڵناسی.

3- مصطفى، روستم صابر. 2017. کاریگەری فەیسبووك لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لای قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر. هەولێر: نامەیەکی ماستەری چاپنەکراوە، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، کۆلێژی ئەدەبیات، بەشی کۆمەڵناس.

**نامەی ماستەر بە زمانی عەرەبی**

1- نومار، مريم. 2012. استخدام مواقع الشبكات الاجتماعية وتأثيره في العلاقات الاجتماعية دراسة عينة من مستخدمي مواقع الفيس بوك في الجزائر. الجزائر: (رسالة ماجستير غير منشورة)، جامعة الحاج لخضر-باتنة.

**گۆڤارە زانستییەکان:**

1- جمعة، شيماء عزالدين زكي. 2020. "أساليب التسويق بالفيديو القصري: دراسة استكشافية على تطبيق" تيل توك" في مصر. " مجلة بحوث العالقات العامة الشرق الأوسط، العدد السابع والعشرون pp. 264- 298.

2- محمد، محمد فتحي، عبدالغفار يونس، عبدالغفار. 2020. "سمات المحتوى الإعلامي لتطبيق "التيك توك" دراسة مقارنة بني المنصات العربية والأجنبية." مجلة البحوث الاعلامية، العدد الرابع والخمسون - الجزء الثالث 1613-1646.

3- فتحي، مها محمد. 2021. "تأثري تعرض الشباب لفيديوهات التيك توك عبر هواتفهم الذكية على إدراكهم للقيم الاجتماعية يف المجتمع." المجلة المصرية البحوث الرأي العام, المجلد العشرين العدد الثالث، الجزء الاول ص ص 373-443.

4- عبدالكريم، نهلة حلمي محمد. 2021. "أثر كثافة التعرض لبرامج التيك توك على بعض الخصائص النفسية والسلوكية لدى الأطفال من المجتمع المصري." مجلة البحوث الإعلامية، العدد السابع والخمسون - الجزء الأول 335-388.

5- محمد، عائيشة الصالح بوعافية، ايدر 2021. "دور مواقع التواصل الاجتماعي في تنمية الوعي السياسي في الجزائر." دفاتر السياسة والقانون، المجلد: 13، العدد1 ص ص499-515.

**پێگە ئەلیکترۆنییەکان:**

1- بدر، سلمى. 2019. الدستور. 17 .11. تاريخ الوصول 9 ,1 .2022. https://www.dostor.org/2910478?fbclid=IwAR3nIDrlLtQLqxZvkB_ZLv3AZ5gvNZWeMnBsO4RNapsIzNQNsklIN_Qc_NA"التيك توك". 4 مميزات ومخاطر عديدة.

2- عەبدولڕەحمان، ڕۆزی. 2018. وشە. 7 .11. مێژووی سەردانی کردن8 ,1 .2022. www.wishe.net/details.aspx? =hewal&jmare=59461&Jor=7دەستەواژەی TikTok چ مانایەکی هەیە؟

**کتێب بە زمانی ئینگلیزی:**

1- REBER, REBER, ALLEN, ARTHUR, EMILY, RHIANON S. 2009. The Penguin Dictionary of Psychology: Fourth Edition. United States of America: Penguin Group

**.گۆڤاری زانستی بە زمانی ئینگلیزی**

1 -Anderson, Katie Elson. 2020. "Getting acquainted with social networks and apps: it's time to talk about TikTok." Library Hi Tech News, Vol. 37, Issue 4 pp. 7–12.

2- Chua, Rezaci, Gu, Jamb lingam, P, S, M Y. 2020. "Short Video Apps and Effects on Social Values for Youth: TikTok as An Example." Nankai Business Review International; 9 .(2)

3- Jaffar, Riaz, Mushtaq, Badriya, Sadia, Arif Abdul. 2019. "Living in a Moment: of TikTok on Influencing younger Generation into Micro-Fame."

Journal of content, community& communication, Vol.10 Year5, December pp187-194.
4-Zhou, Jong-Yoon, Shanshan, Yaqi, Lee, Liu. 2021. "Research on the Uses and Gratifications of Tiktok (Douyin short video)." International Journal of Contents Vol.17, No.1 P P 37-53.

* ناوی پسپۆرانی هەڵسەنگاندنی فۆرمی ڕاپرسی:
1- پ. د. هێرش ڕەسوڵ موڕاد/ ڕاگەیاندن/ زانکۆی پولیتەکنیکی سلێمانی.
2- پ.د. نەزاکەت حسێن حمەسعید/ ڕاگەیاندن/ زانکۆی سلێمانی.
3- پ.ی. د. عزالدین ڕسول/ کۆمەڵناسی/ زانکۆی سەلاحەددین.
4- پ.ی. د. صادق حمەغریب حمەصالح/ ڕاگەیاندن/ زانکۆی سەلاحەددین.
5- د. یادگار عەلی محەمەد/ ڕاگەیاندن/ زانکۆی گەرمیان.